

# وەرچەرخان لە فەرمانڕەواوە بۆ فەرمانپێکراو



# حوکمڕانی لەسەردەمی جامبوونی دیموکراتی و پێشکەوتنی زۆر خێرای تەکنەلۆژیادا

**کاندیدکردنی نێچیرڤان بارزانی لەلایەن سەرۆک بارزانی و پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتییەوە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە لایەک مەدالیای متمانەی مسعود بارزانی بوو لە ملی کرا، لەلایەکی دیکەش ئەزموونی سەرکەوتووی دووساڵی رابردووی بوو، کە بەشی هەرە زۆری دەسەڵاتە جێبەجێکارەکانی سەرۆکی هەرێمی پێ درابوو**

سیستمی لیبراڵ دیموکراتی بەرهەمی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخە، پەرلەمان و حزبی سیاسییش بەرهەمی سیستمی لیبراڵ دیموکراتییە بۆ ئەوەی حزبەکان نوێنەرایەتیی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بکەن و لەناو پەرلەماندا لە بری گەل بریار و یاسا دەربکەن و حوکمرانی لە کۆمەڵگەی خۆیاندا پیادە بکەن، بەڵام لە ئێستادا هاووڵاتیانی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ متمانەیان بە سیستمی لیبراڵ دیموکراتی نەماوە و گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە سیستمی لیبراڵ دیموکراتی خەریکە دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر قەوارەی دەوڵەتە نەتەوەییەکان، بۆیە دەستبەرداری ئەم سیستمە دەبن و هەوڵەکانیان بۆ پاراستنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان خستۆتەگەڕ و، هەوڵ و بیرکردنەوەکانیش بەو ئاراستەیەن کە بیر لە سیستمێکی دیکەی حوکمرانی لە بری سیستمی لیبراڵ دیموکراتی بکرێتەوە. کەواتە پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە ئەگەر هاووڵاتیانی کۆی دەوڵەتە نەتەوەییە هاوچەرخەکان متمانەیان بە سیستمی لیبراڵ دیموکراتی نەمابێت، ئەو حزبە سیاسییانەی بانگەشە بۆ دیموکراتی دەکەن، نوێنەرایەتی کێ دەکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا و سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٦ی سەرۆکایەتی ئەمریکا دەیداتەوە کە زۆر راشکاوانە نەك هەر دەستبەرداری سیستمی لیبراڵ دیموکراتی بوون، بەڵکو بە ئاشکرا خۆشیان لە سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی بێبەری کرد، کە لەماوەی ٧٠ ساڵی رابردوودا لەندەن و واشنتۆن سەرکردایەتیی ئەم سیستمەیان دەکردو، ئەمریکا ئامادە بوو چەند جارێك بۆ پاراستنی ئەم سیستمە لە هەڕەشەکانی بلۆکی کۆمۆنیست، چەکی ئەتۆمی بەکار بهێنێت.

دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا و بوونی ترەمپ بە سەرۆکی ئەمریکا، دوو ئاماژەی زۆر گرنگن و ئەوەمان فێردەکات کە (پاراستنی دەوڵەتی نەتەوەیی) زۆر لە سیستمێکی حوکمرانی گەورەترە، ئەوجا ئەو سیستمە با سیستمی لیبراڵ دیموکراتییش بێت.

ئەمە مانای ئەوەیە، لەبەر ئەوەی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی لە سیستمێکی لۆکاڵیی نەتەوەییەوە گۆڕا بۆ پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە و دەوڵەت لەسەر ئاستی گڵۆباڵی، ئەوا چەمك و بەهای دەوڵەتی نەتەوەیی بێ نرخ کرد و لە ریشەوە هەڵیکێشا، راشکاوانەتر ئەگەر چیرۆکی هەر نەتەوەیەك بە شێوەیەکی گشتی بریتی بێت لە کۆمەڵێك رووداو ئەفسانەی جیاواز، ئەوا هەر نەتەوەیەك رووداو و ئەفسانەی جیاوازی هەیە و بە گەڕانەوە بۆ مێژووی نەتەوەکەی شێوازی حوکمرانیی خۆی دیاری دەکات، بەڵام کاتێك سیستمی لیبراڵ دیموکراتی دەیەوێت ببێتە جێگرەوەی چیرۆکی هەموو نەتەوەکانی جیهان، ئەوا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئایدیۆلۆژیەتەکانی (نازیزم و کۆمۆنیزم) نابێت کە لە سەدەی بیستەمدا دەیانویست خۆیان بەسەر هەموو جیهاندا بسەپێنن.

ئەمریکا لە سەردەمی هەر چوار ئیدارەی (بوشی کوڕ و ئۆباما دا)، چەند جارێك هۆشداری ئەوەیان بە چین دا، لەبەر ئەوەی چین رێگرە لە لیبراڵیزەکردنی وڵاتەکەی، بەڵام ئێستا خەڵکانێکی زۆر لەسەر ئاستی جیهان، مۆدێلی حوکمرانیی چین بە سەرکەوتوو دەزانن و راشکاوانەش سیستمی لیبراڵ دیموکراتی بە سیستمێکی حوکمرانیی چەقبەستوو ناوزەد دەکەن. ئەم بۆچوونە لەسەر ئەو بنەمایە دروست نەبووە کە سیستمی دیکتاتۆریەتی کۆمۆنیستی، سیستمێکی باشترە لە سیستمی لیبراڵ دیموکراتی، بەڵکو لەسەر ئەو بنەمایە ئەو بۆچوونە دروست بووە کە چین هەوڵینەداوە سیستمی دیکتاتۆریەتی کۆمۆنیستی هەناردەی جیهان بکات، یان بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا بیسەپێنێت، هەر بۆیە گۆڕینی ئەو سیستمەش کاری خەڵکی چین خۆیەتی، نەك ئەمریکا و ئەورووپا سیستمی لیبراڵ دیموکراتی بۆ هەناردە بکەن.

لەدوای دەنگدانی هاووڵاتیانی بەریتانیا بە (بەڵێ) بۆچوونە دەرەوەی لە یەکێتی ئەورووپا، دەیڤید کامیرۆن کە ئەوکات سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بوو، دەستی لەکار کێشایەوە، ئەو دەست لەکارکێشانەوەی کامیرۆن ئەو پەیامە بوو کە هاووڵاتیانی بەریتانیا چیتر متمانەیان

**مسرور بارزانی بە درێژایی چوار ساڵی شەڕی دژی داعش هاوکار و یاریدەدەرێکی نزیکی سەرۆک بارزانی بووە لەو شەڕەدا و فاکتەری سەرەکیی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە، سەرکەوتنی نێچیرڤان بارزانی-یش لەو خاڵەدا بەرجەستە دەبێت کە مسرور بارزانی هاوکار و یاریدەدەرێکی نزیکی بێت**

بە دیموکراتی نەماوە، بۆیە دژی فیدراسیۆنی یەکێتی ئەورووپا دەنگیان بۆ جیابوونەوە دا، بەڵام تیریزا مەی کە دوای ئەو پۆستی سەرۆك وەزیرانی وەرگرت، راشکاوانە بەڵێنی دا کە دەستبەجێ بریاری گەلی بەریتانیا جێبەجێ دەکات و لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا دەست دەکات بە وتووێژ بۆ شێوازی چوونە دەرەوەی بەریتانیا، ئەم هەنگاوەی تیریزا مەی ئەو پەیامەی بە جیهان راگەیاند، کە چیدیکە لە جیهاندا فەرمانڕەوا (حاکم) بوونی نییە و گۆڕاوە بۆ فەرمانپێکراو (مەحکوم) و دەبێت فەرمانی نەتەوەکەی جێبەجێ بکات، هەتا ئەگەر بریاری نەتەوە دژی سیستەمی لیبراڵ دیموکراتی بێت، بە هەمان شێوە دۆناڵد ترەمپیش لە ئێوارەی ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ و لە رێورەسمی سوێندخواردنەکەی وەك سەرۆکی ئەمریکا، راشکاوانە رایگەیاند، ئەم رێوڕەسمە، مەراسیمی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە نێوان دوو حزبی سیاسی نییە، بەڵکو دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە لە نێوان کۆشکی سپی و گەلی ئەمریکادا. ترەمپ زۆر ژیرانە ئەم وشانەی لە پەیامەکەیدا جێ کردبۆوە، لەبەر ئەوەی باش لەو واقیعە تێگەیشتبوو، ئەوەی سیستەمی لیبراڵ دیموکراتی بە سەر واقیعی ژیانی رۆژانەی گەلی ئەمریکای (ئەنگلۆ سەکسۆنی) سەپاندووە، چیتر قبووڵ ناکرێت و هیچ حزبێکی سیاسیش ناتوانێت بە ناوی دیموکراتییەتەوە ئەو ئایدیۆلۆژیەتە بەسەر ئەمریکییەکاندا فەرز بکات.

ئەم وەرچەرخانە گەورەیە کە خەریکە سیستەمی لیبراڵ دیموکراتی لە فریشتەوە دەگۆڕێت بۆ شەیتان، جارێکی دیکە کۆی پرۆسەی حوکمڕانی لەسەر ئاستی نەتەوەکانی جیهان خستۆتە ژێر گومان و پرسیاری ئیحراجەوە، پرسیاری ئەوە دەکرێت، ئەگەر هەموو نەتەوەکان بگەڕێنەوە بۆ چیرۆکی خۆیان واتە سەرچاوەی مێژوو و بیری نەتەوەیی خۆیان و لە بیر و مێژووی نەتەوەیی خۆیانەوە شێوازی حوکمڕانی جیاواز پێشکەشی مرۆڤایەتی بکەن، ئایا لەوە باشتر نییە کە سیستەمی لیبراڵ دیموکراتی بەسەر هەموو نەتەوەکانی جیهاندا بسەپێندرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە نەتەوەکانی ئەورووپا و ئەمریکا پێش هەر نەتەوەیەکی دیکە داویانەتەوە و بێزارن لە سیستەمی لیبراڵ دیموکراتی کە هیچ بەهایەکی بۆ چیرۆك و مێژووی نەتەوەکانیان نەهێشتۆتەوە.

لەم روانگەیەوە دەکرێت بڵێین: حوکمڕانیی باش، نموونە جیاوازەکانی نەتەوە جیاوازەکانە، بۆیە بۆ ئێمەش لە هەرێمی کوردستان کە لە ئێستادا سەرقاڵی ئەوەین کابینەیەکی تازەی حکومەت پێکبهێنین، دەبێت ئاگاداری ئەم وەرچەرخانە گەورەیەی پرۆسەی حوکمڕانی بین لە سەرانسەری جیهاندا و دەبێت پارتی دیموکراتی کوردستان پێش هەر لایەنێکی دیکەی سیاسی راشکاوانە ئەو پەیامە بە حزبە سیاسییەکانی کوردستان رابگەیەنێت، کاتێك گەلی کوردستان دەنگیان بە پارتی داوە، پارتی نەبۆتە پارتی فەرمانڕەوا (حاکم) لە کوردستاندا، بەڵکو بۆتە پارتی فەرمانپێکراو (مەحکوم) لەلایەن گەلی کوردستانەوە و هیچ رێگەیەکی لەبەردەمدا نییە و دەبێت تەنیا ئەو فەرمانە جێبەجێ بکات کە گەلی کوردستان فەرمانی پێکردووە.

بەم مانایە چۆن ئیدارەی ترەمپ راشکاوانە بە هەموو جیهانی راگەیاند، سیستەمی لیبراڵی نێودەوڵەتی کە ٧٠ ساڵ بەرگریمان لێکرد، چیدیکە بۆ ئەمریکای ٢٠١٧ ناشێت، هەروەها چۆن حکومەتی بەریتانیا بە هەموو جیهانی راگەیاند کە چیدیکە پێوەرەکانی کۆبنهاگن بۆ بەریتانیای دوای ٢٠١٦ ناشێت، ئەوا دەبێت لە دەستپێکی ئەم کابینەیەوە پارتی دیموکراتی کوردستانیش بە هەموو حزبەکانی کوردستان رابگەیەنێت، کە شێوازی حوکمڕانیی ٢٥ ساڵی رابردووی کوردستان بۆ کوردستانی دوای ریفراندۆم ناشێت، ئەم کابینەیەش حکومەتێکە بە بیرکردنەوەیەکی نوێی حوکمڕانی نەك کابینەی (٨+١).

### لە دارشتنەوەی پرۆسەی حوکمڕانیدا پارتی فەرمانپێکراوە. فەرمانڕەوا نییە

کاندیدکردنی نێچیرڤان بارزانی لەلایەن سەرۆك بارزانی و پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتییەوە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە لایەك مەدالیای متمانەی مسعود بارزانی بوو لە ملی کرا،

**کاتێک گەلی کوردستان دەنگیان بە پارتی داوە، پارتی نەبۆتە پارتی فەرمانڕەوا (حاکم) لە کوردستاندا، بەڵکو بۆتە پارتی فەرمانپێکراو (مەحکوم) لەلایەن گەلی کوردستانەوە و هیچ رێگەیەکی لەبەردەمدا نییە و دەبێت تەنیا ئەو فەرمانە جێبەجێ بکات کە گەلی کوردستان فەرمانی پێکردووە**

**لە ئێستادا هاووڵاتیانی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ متمانەیان بە سیستەمی لیبراڵ دیموکراتی نەماوە و گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە سیستەمی لیبراڵ دیموکراتی خەریکە دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر قەوارەی دەوڵەتە نەتەوەییەکان، بۆیە دەستبەرداری ئەم سیستەمە دەبن و هەوڵەکانیان بۆ پاراستنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان خستۆتەگەڕ**

**دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا و بوونی ترەمپ بە سەرۆکی ئەمریکا، دوو ئاماژەی زۆر گرنگن و ئەوەمان فێردەکات کە (پاراستنی دەوڵەتی نەتەوەیی) زۆر لە سیستمێکی حوکمڕانی گەورەترە، ئەوجا ئەو سیستمە با سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتییش بێت**

**کاتێک سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتی دەیەوێت ببێتە جێگرەوەی چیرۆکی هەموو نەتەوەکانی جیهان، ئەوا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئایدیۆلۆژیەتەکانی (نازیزم و کۆمۆنیزم) نابێت کە لە سەدەی بیستەمدا دەیانویست خۆیان بەسەر هەموو جیهاندا بسەپێنن**

**تیریزا مەی کە دوای ئەو پۆستی سەرۆک وەزیرانی وەرگرت، راشکاوانە بەڵێنی دا کە دەستبەجێ بڕیاری گەلی بەریتانیا جێبەجێ دەکات و لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا دەست دەکات بە وتووێژ بۆ شێوازی چوونە دەرەوەی بەریتانیا، ئەم هەنگاوەی تیریزا مەی ئەو پەیامەی بە جیهان راگەیاند، کە چیدیکە لە جیهاندا فەرمانڕەوا (حاکم) بوونی نییە و گۆڕاوە بۆ فەرمانپێکراو (مەحکوم) و دەبێت فەرمانی نەتەوەکەی جێبەجێ بکات**

لەلایەکی دیکەش ئەزموونی سەرکەوتووی دووساڵی رابردووی نێچیرڤان بارزانی بوو، کە بەشی هەرە زۆری دەسەڵاتە جێبەجێکارەکانی سەرۆکی هەرێمی پێ درابوو، ئەوەش سەلماندنی کە نێچیرڤان بارزانی دەوڵەتمەداری رۆژە سەختەکانی نەتەوەیە و ئەو توانایەی هەیە کە لەم قۆناخە هەستیار و ناسکەدا سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بکات و ئەو فەرمانانە جێبەجێ بکات کە گەلی کوردستان بە دەنگەکانیان فەرمانیان پێکردووە. ئەم دەستنیشانکردنە لۆژیکانەیەی سەرۆك بارزانی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دەبێتە نەخشەی رێگا بۆ ئەو حکومەتە بەهێزەی کە کوردستانێکی بەهێز پێویستی پێیەتی، بۆ ئەمە حکومەتە بەهێزەش، مسرور بارزانی لەلایەن سەرۆك بارزانی -یەوە کاندید کراوە، ئەم کاندیدکردنەی مسرور بارزانی بۆ ئەم پۆستە هەستیارە، لەو متمانەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە مسرور بارزانی بە درێژایی چوار ساڵی شەڕی دژی داعش هاوکار و یاریدەدەرێکی نزیکی سەرۆك بارزانی بووە لەو شەڕەدا و فاکتەری سەرەکیی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە، هەر بۆیە کە ئێستا نێچیرڤان بارزانی کاندید کردووە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم، ئەوا دڵنیایە کە سەرکەوتنی نێچیرڤان بارزانی لەو خاڵەدا بەرجەستە دەبێت کە مسرور بارزانی هاوکار و یاریدەدەرێکی نزیکی بێت. خۆیشی وەك رێبەری بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان کە مستەفا بارزانی ناوی لێناوە (خزمەتکاری میللەت) لە «بارەگای بارزانی»ـەوە چاودێریی پرۆسەی سیاسی و خزمەتکاری خەڵکی کوردستان دەکات.

لەم تابلۆیەی پارتی بۆ پرۆسەی حوکمڕانی دروستی کردووە، راشکاوانە ئەو سکێچانە دەبیندرێن کە پارتی ملکەچی ئەو فەرمانەی خەڵکی کوردستانە کە داوای کوردستانێکی بەهێز و حکومەتێکی بەهێزیان لێ کردووە، بۆ ئەمەش سەرۆك بارزانی دوو کاندیدی زۆر شایستەی هەم بۆ سەرۆکی کوردستان و هەم بۆ سەرۆك وەزیرانی کوردستان دەستنیشان کردووە و هەردووکیشیان لەلایەن سەرۆك بارزانی و گەلی کوردستانەوە ئەزموونکراون و سەرکەوتنەکانیان ئەو شایستەییەی پێ بەخشیون کە جێگەی متمانەی سەرۆك بارزانی و گەلی کوردستان بن.

ئەوجا ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە رێکخستنەوەی کۆی پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستاندا بخوێنینەوە، ئەوا راشکاوانە ئەو رەهەندانە دەبینین کە پارتی لە رێکخستنەوەی پرۆسەی حوکمڕانی کوردستاندا هەنگاو بەرەو ریفۆرمی بیرکردنەوە لە سیاسەتی حوکمڕانی هەڵدەگرێت، ئەمەش بەو مانایەی هەموو ئەو لایەنە سیاسییانەی لە کۆی پرۆسەی (سەرۆکایەتیی هەرێم، پەرلەمان، حکومەت) بەشدارن، دەبێت بە بیرکردنەوەیەکی نوێ لە پرۆسەی حوکمڕانی کوردستاندا رەفتار بکەن، راشکاوانەتر ئەو لایەنانەی بەشداری لە پێکهێنانی حکومەت دەکەن، یان ئەوانەی لە دەرەوەی حکومەت دەبن و دەبنە ئۆپۆزسیۆن، دەبێت لەژێر چەتری سەروەریی یاسا رەفتار بکەن و، هەمووشیان پێکەوە یەك ئامانج کۆیان بکاتەوە کە ئەویش وەڵامدانەوەی خواست و پێداویستییەکانی خەڵکی کوردستانە.

لایەنێکی دیکە کە پرۆسەی حوکمڕانی لە جیهاندا ئاڵۆز کردووە و کوردستانیشی لێ بەدەر نییە، ئەوەیە کە سیاسەت گەیشتۆتە قۆناخی نەمانی راستی (Post Truth) ئەم چەمکە تازەیە لە زانستی سیاسەتدا بەوە پێناسە دەکرێت کە (درۆ و چەواشەکاری رای گشتی ئاراستە دەکات نەك راستییەکان)، سەرچاوەی سەرەکییش بۆ ئەم پەتا ترسناکەی تێکڕای پرۆسەی حوکمڕانی گرتۆتەوە، بە پلەی یەکەم میدیاکانە بە (بینراو، بیستراو، نووسرا و ئۆنلاینەوە) نەك تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەپێچەوانەوە ئێستا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە باشترین چەك بۆ بەرپەرچدانەوەی هەواڵی درۆ (Fake News)ی میدیاکان، یان بەرپرسەکان، راشکاوانە لەناو کۆنفرانسە رۆژنامەوانییەکاندا ئەو رۆژنامەنووسانە رووگیر دەکەن کە پرسیاری ئاست نزم و ورووژێنەر بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان دەکەن.

بۆیە زۆر گرنگە پارتی دیموکراتی کوردستان لە پرۆسەی ئەمجارەی رێکخستنەوەی حوکمڕانی

لە کوردستاندا، پرۆژەیەکی بۆ گێڕانەوەی ڕاستی و متمانەی بۆ پرۆسەی سیاسی هەبێت و، سنورێك دابنێین بۆ ئەو دیاردە تازە و نامۆیەی ناو سیاسەت دابنێت، کە کوردستان و جیهانی گرتۆتەوە و سیاسەت بۆتە درۆ و دەلەسەی حزبەکان، یان ئەوەی ناویان لێناوە (سیاسەت لە قۆناخی دوای ڕاستیدا — Post Truth)، ئەم پرۆژەیەش بۆ ڕێگرتن لەم دیاردەیە نابێت تەنیا ئەو میدیانە بگرێتەوە کە سەر بەو حزبانەن کە لە حکومەتدا بەشدار دەبن، بەڵکو دەبێت کۆی هەموو ئەو کەناڵانە بگرێتەوە کە لەکوردستاندا بوونیان هەیە و هەروەها ئەو کەناڵە بیانییانەش کە نووسینگەیان لە کوردستان هەیە، دەبێت لەکاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆ و شێوێندراو بە یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و تەنانەت ئەو کەناڵە بیانییانەی کە لە کوردستاندا نووسینگەیان هەیە، ئەگەر پابەندی یاساکانی کوردستان نەبن، دەبێت نووسینگەکانیان دابخرێت، ئەمەشیان دەبێت کاری ئەمجارەی ئەم خولەی پەرلەمان بێت و دەبێت پەرلەمانتارانی کوردستان بەو ئاستە هۆشیار بن کە بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆ و چەواشەکارانە (Fake News) لە چوارچێوەی ئازادی ڕادەربڕین مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت و، ئێستا جیهان گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە مەترسیی ئاراستەکردنی ڕای گشتی بە درۆ و چەواشەکاری، هیچی لە مەترسیی تیرۆر کەمتر نییە، بۆیە گرنگە یاسایەکی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی هەواڵی درۆ و چەواشەکاری بە هاوشێوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دەربچێت.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر سەیری پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستان بکەین، بەتایبەتی لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا کە میدیای ئۆنلاین و کەناڵە ئاسمانییەکان و کەناڵە دیجیتاڵە لۆکاڵەکان بە ئاستێکی گەورە فراوان بوون، دەبینین فاکتەری سەرەکی بۆ پەکخستنی پرۆسەی بڕیار دروستکردن و بڕیار جێبەجێکردن، ئەوە بووە کە یاسایەکمان نەبووە بۆ ڕێگرتن لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆ و چەواشەکاری، هەروەها نەمانتوانیوە ڕێگە لەوە بگرین کە درۆ و چەواشەکاری ئاراستەی ڕای گشتی لە کوردستاندا نەکات.

لە ئێستای پرۆسەی حوکمڕانی لە جیهاندا کە بە شێوەیەکی گشتی، حوکمڕانی بەرگی گلۆباڵی دادەماڵێت و بەرگی لۆکاڵ بەبەری خۆیدا دەکاتەوە، ئەوا ئەو بنەما جیهانییانەی پێشتر لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکانەوە (NGOS) کرابوونە پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی حوکمڕانیی باش و خراپ و دیموکراتی و نادیموکراتی، ئێستا نە ئەو بنەمایانە و نە ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانە بەهایان نەماوە و هیچ دەوڵەت و حکومەتێك بایەخیان بۆ دانانێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو بنەمایانەی ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانە کردبوویانە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی ئازادیی ڕادەربڕین و پرۆسەی حوکمڕانی، هەر ئەو بنەمایانە بوونە هۆکاری لەبەریەك هەڵوەشانی سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتی و لەبەریەك هەڵوەشانی سیستمی حوکمڕانی لە جیهاندا، لە ئێستای جیهاندا تەنیا ئەو ئەزموونانەی حوکمڕانی بە سەرکەوتوو دادەنرێن کە بە هیچ جۆرێك پابەند نەبوون بەو بنەمایانە و لە چوارچێوەی بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ ئازادیی ڕادەربڕین و میدیا کردووە .

کەواتە گرنگە لە ڕێکخستنەوەی پرۆسەی حوکمڕانیی ئەمجارەی کوردستاندا، ئەو دیاردەیە کۆتایی بێت کە پارتێکی سیاسی بە ناوی ئۆپۆزسیۆنەوە ٢٤ کاتژمێر لە کەناڵی تەلەفزیۆنەکەی خۆیەوە درۆ و چەواشەکاری بڵاو بکاتەوە، یان پەرلەمانتارێك بەردەوام لەسەر شاشەی تیڤییەکانەوە کاری ئەوە بێت ڕای گشتی بە درۆ و چەواشەکاری ئاراستە بکات.

## هاوسەنگی و سەقامگیریی سیاسی لە ناو پرۆسەی حوکمڕانیی بەهێزدا بەرجەستە دەبێت

لە ئێستای پرۆسەی حوکمڕانی لە جیهاندا، پێوەری حوکمڕانیی سەرکەوتوو، بریتییە لە چۆنیەتی دابینکردن هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتەکان و هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوانیان و فەرزکردنی سەقامگیری سیاسی بە یاسا، ئەوجا ئەو شێوازی حوکمڕانییە دیموکراتی بێت، یان دەسەڵاتخوازی ( Authoritarian-

**حوکمڕانیی باش، نموونە جیاوازەکانی نەتەوە جیاوازەکانە، بۆیە بۆ ئێمەش لە هەرێمی کوردستان کە لە ئێستادا سەرقاڵی ئەوەین کابینەیەکی تازەی حکومەت پێکبهێنین، دەبێت ئاگاداری ئەم وەرچەرخانە گەورەیەی پرۆسەی حوکمڕانی بین لە سەرانسەری جیهاندا**

**لەم تابلۆیەی پارتی بۆ پرۆسەی حوکمڕانی دروستی کردووە، ڕاشکاوانە ئەو سکێچانە دەبیندرێن کە پارتی ملکەچی ئەو فەرمانەی خەڵکی کوردستانە کە داوای کوردستانێکی بەهێز و حکومەتێکی بەهێزیان لێ کردووە، بۆ ئەمەش سەرۆک بارزانی دوو کاندیدی زۆر شایستەی هەم بۆ سەرۆکی کوردستان و هەم بۆ سەرۆک وەزیرانی کوردستان دەستنیشان کردووە**

**ئەو لایەنانەی بەشداری لە پێکهێنانی حکومەت دەکەن، یان ئەوانەی لە دەرەوەی حکومەت دەبن و دەبنە ئۆپۆزسیۆن، دەبێت لە ژێر چەتری سەروەریی یاسا ڕەفتار بکەن و، هەمووشیان پێکەوە یەک ئامانج کۆیان بکاتەوە کە ئەویش وەڵامدانەوەی خواست و پێداویستییەکانی خەڵکی کوردستانە.**

**لە ئێستای جیهاندا تەنیا ئەو ئەزموونانەی حوکمڕانی بە سەرکەوتوو دادەنرێن کە بە هیچ جۆرێک پابەند نەبوون بەو بنەمایانە و لە چوارچێوەی بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ ئازادیی رادەربڕین و میدیا کردووە**

**گرنگە لە رێکخستنەوەی پرۆسەی حوکمڕانیی ئەمجارەی کوردستاندا، ئەو دیاردەیە کۆتایی بێت کە پارتێکی سیاسی بە ناوی ئۆپۆزسیۆنەوە ٢٤ کاتژمێر لە کەناڵی تەلەفزیۆنەکەی خۆیەوە درۆ و چەواشەکاری بڵاو بکاتەوە، یان پەرلەمانتارێک بەردەوام لەسەر شاشەی تیڤییەکانەوە کاری ئەوە بێت رای گشتی بە درۆ و چەواشەکاری ئاراستە بکات**

**حکومەت لەناو پرۆسەی حوکمڕانیی دەوڵەتە و بەشێکی گرنگی پرۆسەی حوکمڕانییە، بەڵام هەموو پرۆسەکە نییە، هەر بۆیە ئەگەر حکومەت پەرلەمانێکی کارا و دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆ لە گەڵیدا هاوکار و هەماهەنگ نەبن، ئەوا ئەو حکومەتە هەر کەسێک سەرۆکایەتی بکات، حکومەتێکی سەرکەوتوو نابێت**

ism)، لە ئێستاشدا کە سیستمی دیموکراتی ئەو توانایەی لە دەست داوە (هاوسەنگی و سەقامگیریی سیاسی) لە پرۆسەی حوکمڕانیدا دابین بکات، ئەوا شێوازی حوکمڕانیی دەسەڵاتخوازی بە سەرکەوتووتر لە دیموکراتی لە قەڵەم دەدرێت.

ئەلیکسی تۆکۆڤیل بیرمەندی فەرەنسی، سەبارەت بە پێشوازیی نەتەوەکان لە دیموکراتی دەڵێت: خەڵك زیاتر لەبەر دادپەروەری نەك ئازادی پێشوازی لە دیموکراتیەت کردووە، بەڵام لە ئێستادا کە سیستمی دیموکراتی توانای دابینکردنی دادپەروەری لە دەست داوەو نادادپەروەری جێگەی گرتۆتەوە، ئەم لەدەستدانی توانایە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هاوسەنگیی نێوان دەسەڵاتەکان و سەقامگیری سیاسی لە پرۆسەی حوکمڕانیدا کەموکورتی تێکەوتووە، لە هەر وڵاتێکیشدا هاوسەنگیی نێوان دەسەڵاتەکان و سەقامگیری سیاسی کەموکورتی تێکەوت، ئەوا پرۆسەی حوکمڕانی دوچاری شەلەل دەبێت و دەگاتە حاڵەتی چەقبەستن.

حکومەت لەناو پرۆسەی حوکمڕانیی دەوڵەتە و بەشێکی گرنگی پرۆسەی حوکمڕانییە، بەڵام هەموو پرۆسەکە نییە، هەر بۆیە ئەگەر حکومەت پەرلەمانێکی کارا و دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆ لە گەڵیدا هاوکار و هەماهەنگ نەبن، ئەوا ئەو حکومەتە هەر کەسێك سەرۆکایەتی بکات، حکومەتێکی سەرکەوتوو نابێت، لەمەش خراپتر چەند بەرنامەی ریکوپێك دابنێت، نە بەرنامەکەی بۆ جێبەجێ دەکرێت، نە دەشتوانێت بڕیاری دروست بدات.

فرانسیس فۆکۆیاما لە کتێبی (بنچینەی سیستمی سیاسی و لەبەریەك هەڵوەشانی سیاسی) راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات کە دەوڵەتی هەژار و دەوڵەمەند بوونی نییە، بەڵکو شێوازی هەڵسووڕانی دامەزراوەکان و سەقامگیری سیاسی دەبێتە بنەمای دەوڵەتی دەوڵەمەند و هەژار، لەسەر ئەم بنەمایە بەراوردێکی نێوان سۆماڵ و دانیمارك دەکات و دەپرسێت: ئایا سەرچاوەی داهاتی سرووشتیی دانیمارك زیاترە، یان هی سۆماڵ؟ ئایا هەڵکەوتەی جوگرافیی دانیمارك باشترە، یان سۆماڵ؟ بێگومان لە وەڵامدا راشکاوانە دەڵێت: هەم سەرچاوەی داهاتی سرووشی و هەمیش هەڵکەوتەی جوگرافیی سۆماڵ لە داهاتی سرووشتی و هەڵکەوتەی جوگرافیی دانیمارك باشترە، بەڵام بۆچی گەلی سۆماڵ خەریکە لە برسیدا دەمرێت و گەلی دانیماریکیش داهاتی ساڵانەی لەسەر ئاستی جیهان بێ وێنەیە؟

ئەم بەراوردەی فۆکۆیاما راشکاوانە ئەوەمان پێدەڵێت: سەرکەوتنەکانی دانیمارك بەرهەمی هاوسەنگیی نێوان دەسەڵاتەکان و هەبوونی سەقامگیری سیاسییە، بەڵام شکستی سۆماڵ نەبوونی دەسەڵاتەکان و فەوزای سیاسییە، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا تێکچوونی هاوسەنگی و سەقامگیریی سیاسی لە پرۆسەی حوکمڕانیدا، تەنیا پەتایەکە و لە ناوچەوانی نەتەوە هەژارەکان نووسراوە؟ سەبارەت بەم لایەنەش دیسان فۆکۆیاما لە هەمان کتێبدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، چۆن هەژاری و دەوڵەمەندی پەیوەندی بە سرووشتی دەوڵەتەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە هاوسەنگی و سەقامگیریی سیاسی پرۆسەی حوکمڕانی ئەو دەوڵەتەوە هەیە، بە هەمان شێوەش ئەم پەتای (تێکچوونی هاوسەنگیی نێوان دەسەڵاتەکان و تێکچوونی سەقامگیریی سیاسی) لە پرۆسەی حوکمڕانیی هەر دەوڵەتێکدا دروست بێت، ئەو دەوڵەتە هەتا ئەگەر ئەمریکاش بێت، نە دەتوانێت بڕیار بدات، نە دەشتوانێت گەلەکەی خۆی رازی بکات، هەر بۆ نموونە، ئەمریکا کە بانگەشەی ئەوە دەکات ئابوورییەکەی ٢٠٪ی ئابووریی هەموو جیهان پێکدەهێنێت، وەك بینیمان لە ٢٠٠٨ خۆپیشاندەران وۆڵ ستریتیان لە نیویۆرك سووتاند، ئەمریکا کە بانگەشەی بۆ سەرکردایەتیکردنی هەموو جیهان دەکرد و خاوەنی گەورەترین سوپا و تەکنەلۆژیای سەربازییە، بەڵام وەك بینیمان دوو شەڕی گەورەی لە عێراق و ئەفغانستان دۆڕاند و نەك هەر نەیتوانی تیرۆر بنبڕ بکات، بەڵکو لەناو ماڵی رۆژئاوادا شێوازێکی تازەی تیرۆر دروست بوو، کە ئەویش تیرۆریستانی (گورگە تەنیاکان)ـن، لەمەش ترسناکتر زۆر لە بیرمەندانی سیاسیی ئەمریکا و جیهان لە ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٦ گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە ئەمریکاش وەك ئیمپراتۆریەتی رۆما دەڕووخێت، هۆکاری رووخانەکەشی ئەوەیە کە ناتوانێت هاوسەنگی

لە نێوان دەسەڵاتەکان و سەقامگیریی سیاسی لە پرۆسەی حوکمڕانیدا دابین بکات، ئەمەش بۆتە هۆکاری دروستبوونی نادادپەروەری و ئیمپراتۆریەتی رۆماش هەر بەو هۆکارە رووخا.

لایەنیکی دیکەی خراپی ناسەقامگیریی سیاسی و ناهاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکان، ئەوەیە کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی حکومەت نەتوانێت خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بۆ هاووڵاتیان دابین بکات، لەم حاڵەتەشدا هاووڵاتی هەست دەکات کە حکومەتەکەی ناتوانێت کەرامەت و مافی ژیانی بپارێزێت، بۆیە زەمینەی ئەوە خۆش دەبێت کە دەستی دەرەکی و دوژمنانی ئەو وڵاتە دەستێوەردان بکەن و هاووڵاتیان هان بدەن کە حکومەتەکەی خۆیان بڕووخێنن و بەو لایەنە رازی بن کە دەوڵەتانی دەروردراوسێ بۆ بەرژەوەندیی خۆیان پشتگیری لێدەکەن. سەبارەت لەم لایەنە بیرمەندی ئەمریکی (ماکس بوت) لە کتێبی (سوپا نەبینراوەکان- Invisible Armies)دا دەپرسێت: بۆچی کاسترۆ و گیڤارا بە ئاسانی توانییان رژێمی باتیستا لە کوبا بڕووخێنن، بەڵام گیڤارا نەیتوانی لە بۆلیڤیا سەرکەوتوو بێت؟ لای بوت وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە: رژێمی باتیستا نەیدەتوانی وەڵامی خواستەکانی گەلی کوبا بداتەوە، هەر بۆیە ئەوان چەند سەد کەسێك بوون و توانیان ئەو رژێمە بڕووخێنن، بەڵام حکومەتی بۆلیڤیا توانیبووی تا رادەیەك خواستی گەلەکەی دابین بکات، بۆیە گیڤارا سەرنەکەوت و پاشان دەستگیرکرا و کوژرا.

ئەزموونی حوکمڕانیی نەتەوە جیاوازەکانی جیهان لەگەڵ ئەوەی هەر یەکەیان لەوی دیکە جیاوازە، بەڵام خاڵی هاوبەشی هەموویان بۆ شکست و سەرکەوتن، هەبوون و نەبوونی هاوسەنگیی نێوان دەسەڵاتەکان و سەقامگیریی سیاسییە، هەربۆیە گرنگە کاتێك هەڵوەستە لەسەر پرسی حوکمڕانی دەکەین، ناکرێت پرسەکە تەنیا لەسەر حکومەت چڕبکرێتەوە، یان ئۆباڵی هەموو کەموکورتییەکان بخرێتە ئەستۆی حکومەت، بەڵکو گرنگە سەقامگیریی سیاسی بۆ هاوسەنگی و هەماهەنگی نێوان دەسەڵاتەکان فەراهەم بکرێت، ئەگەر لێرەدا بە نموونە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەیر بکەین، هەتا ئەو کاتەی پەرلەمان نەبووە بەشێك لە کێشە لە پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستاندا، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای ئەو قەیرانە ئابوورییە سەختەی بە هۆی دابەزینی نرخی نەوت و بڕینی بودجە و مووچە لەلایەن عێراقەوە، ئەوجا شەڕێکی سەختی وەك شەڕی داعش یەخەی گرتبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی تا رادەیەکی رێژەیی هاوسەنگی و هەماهەنگی لە نێوان حکومەت و پەرلەمان هەبوو، حکومەتی کوردستان توانی تا رادەیەکی باش ئەو قەیرانە تێپەڕێنێت و لەشەڕی دژی داعشیشدا گەورەترین سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەڵام کە پەرلەمانی کوردستان خۆی بووە بەشێك لە کێشەی ناو پرۆسەی سیاسی، جیا لەوەی ماوەی نزیکەی دوو ساڵ نەیتوانی کۆبوونەوە ئاساییەکانی خۆی بەڕێوە بەرێت، لە دواییشدا کە هەر چۆنێك بوو کارا کرایەوە، ماوەی ساڵێك خەریك بوو، نەیتوانی پرۆژە یاسای چاکسازیی کارگێڕی وەك یاسا پەسەند بکات و لە پرۆسەی چاکسازیدا هاوکاری حکومەت بکات، بۆیە لەحاڵەتی لەمجۆرە کە هاوسەنگی و هەماهەنگی نێوان دەسەڵاتەکان و سەقامگیری سیاسی تێکدەچێت، حکومەت هیچ کارێکی پێناکرێت و ناتوانێت هیچ بڕیارێکی پێویست دەربکات.

پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەزموونێکی تاڵی لەگەڵ نەبوونی هاوسەنگی و هەماهەنگیی نێوان دەسەڵاتەکان و نەبوونی سەقامگیری سیاسی بەسەر بردووە، زۆر بە جددی پێداگری لەسەر بە هێزی و کارایی کۆی دەسەڵاتەکان و پێکەوە کارکردنیان دەکاتەوە، ئەمەش بەو مانایەی گرنگ نییە کێ سەرۆکی پەرلەمانە، یان کێ سەرۆکی حکومەتە، یان کێ سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەرییە، بەڵکو ئەوەی لای پارتی گرنگە ئەوەیە، پەرلەمان پێش حکومەت کارا و بەهێز بێت و دەسەڵاتی دادوەرییش سەربەخۆ و بەهێز بێت، ئەوجا دەتوانێت بیر لە ئەدای حکومەتێکی بەهێز بکرێتەوە.

**پەتای (تێکچوونی هاوسەنگیی نێوان دەسەڵاتەکان و تێکچوونی سەقامگیریی سیاسی) لە پرۆسەی حوکمڕانیی هەر دەوڵەتێکدا دروست بێت، ئەو دەوڵەتە هەتا ئەگەر ئەمریکاش بێت، نە دەتوانێت بڕیار بدات، نە دەشتوانێت گەلەکەی خۆی رازی بکات**

**کاتێک پەرلەمانی کوردستان خۆی بووە بەشێک لە کێشەی ناو پرۆسەی سیاسی، جیا لەوەی ماوەی نزیکەی دوو ساڵ نەیتوانی کۆبوونەوە ئاساییەکانی خۆی بەڕێوە بەرێت، لە دواییشدا کە هەر چۆنێک بوو کارا کرایەوە، ماوەی ساڵێک خەریک بوو، نەیتوانی پرۆژە یاسای چاکسازیی کارگێڕی وەک یاسا پەسەند بکات و لە پرۆسەی چاکسازیدا هاوکاری حکومەت بکات**

**پارتی زۆر بە جددی پێداگری لەسەر بە هێزی و کارایی کۆی دەسەڵاتەکان و پێکەوە کارکردنیان دەکاتەوە، ئەمەش بەو مانایەی گرنگ نییە کێ سەرۆکی پەرلەمانە، یان کێ سەرۆکی حکومەتە، یان کێ سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەرییە، بەڵکو ئەوەی لای پارتی گرنگە ئەوەیە، پەرلەمان پێش حکومەت کارا و بەهێز بێت و دەسەڵاتی دادوەرییش سەربەخۆ و بەهێز بێت، ئەوجا دەتوانێت بیر لە ئەدای حکومەتێکی بەهێز بکرێتەوە**




## دکتۆر محێدین حەسەن یوسف

سەرۆکی فراکسیۆنی ئازادی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# پێویستە هەماهەنگی و هاوکاری لەنێوان پەرلەمان و حکومەتدا دروست بێت

هاووڵاتیانی کوردستان چاوەڕوانن لەم خولەی پەرلەماندا سەقامگیری بۆ پرۆسەی سیاسی بگەڕێتەوە و کۆمەڵێك یاسا لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا دەربچێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنی کوردستاندا گۆڕانکاری لە قەوارەی حزبەکان و پرۆسەی سیاسی دروست بووە، تێڕوانینی پەرلەمانتارانیش بۆ بەشداریکردن لە حکومەت یان ئۆپۆزسیۆن بوون گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسەو چەند تەوەرێکی پەیوەندیدار چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر محێدین حەسەن یوسف سەرۆکی فراکسیۆنی ئازادی لە پەرلەمانی کوردستان کرد.

**وەکو حزبی شیوعی کوردستان بەشداری لە حکومەت ناکەین و متمانەش بە کابینەکە نادەین، ئەمەش بەو مانایە نییە ئێمە دژی کەسەکانی ناو حکومەتەکەین و هەڵوێستمان وەرگرتبێت**

**پێمانوایە ئەمجارە پەرلەمانی کوردستان کەمتەرخەم بێت لە پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی ئەو یاسایانەی کە پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیەو دەتوانێت باری سەرشانی حکومەت کەمێک سووکتر بکات**

**کەس لەگەڵ ئەوەدا نییە نیشتمانەکەی بڕووخێنێت، بەڵکو دەمانەوێت نیشتمانێکی جوان و بەهێزمان هەبێت. سەرباری هەموو ئەو تێبینیانەی هەمان بووە، دەکرێت شتی لەمە باشتر بکەین**

*** خولی پێشووی پەرلەمان لە کارەکانی سەرکەوتوو نەبوو، تەنانەت بووە سەرچاوەی ناسەقامگیریی سیاسی، ئایا بەڕای ئێوە پەرلەمان لەم خولەی ئێستادا دەتوانێت سەرکەوتوو بێت و چاودێریی کاروبارەکانی حکومەت بێت و یاسا دەربکات؟**

- ئێمە وەکە حزبی شیوعی پێش دامەزرانی کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێمانوابوو، ئەو حکومەتە زۆر سەرکەوتوو و سەقامگیر نابێت. چونکە پێکهاتەی ئەو کابینەیە بەناو بنکەفراوان بوو، بەڵام ململانێی سیاسی لەناو سەرۆکایەتیی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیراندا بە ڕوونی ڕەنگی دابووەوە. هەر هۆکاری ئەم ململانێ سیاسییە بوو کە وایکرد پەرلەمان بەو دۆخە بگات و کاریگەریی نەرێنی لەسەر هەردوو دەسەڵاتی تەشریعی و جێبەجێکردنیش هەبێت، لە ئەنجامدا کاریگەریی خراپی کردە سەر باری دەروونیی خەڵك و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵکی. سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەکەش لای هەمووان ئاشکرایە نەخشەی سیاسی لە کوردستان ئاڵوگۆڕی تێدا کراوە، هەندێك حزب پاشەکشەی کردووە و هەندێك حزبی دیکە ژمارەی کورسییەکانی زیادی کردووە، کاتێکیش لە پەرلەمان لە ٢٠١٨/١١/٦ سوێندی یاساییمان خوارد، حزبی براوە لە کوردستاندا کەسی بۆ پێکهێنانی حکومەت ڕانەسپارد، ئێستاکە ئەگەرچی پارتی بەڕێز مسرور بارزانی بۆ پێکهێنانی حکومەت ڕاسپاردووە، لەگەڵ ئەمەشدا تا ئێستا هێزەکان بەتایبەتی هەردوو هێزی پارتی و یەکێتی کە وەکو یەك باکێچ سەیری هەردوو سەرۆکایەتییەکەی پەرلەمان و حکومەت دەکەن، نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن، ئەو دوو هێزە بە حوکمی واقیع بەرژەوەندییەکانیان وا دەخوازێت جۆرێك لە سازان لە نێوانیاندا بکەن، تاوەکو بتوانن ڕێکبکەون لەسەر دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەت و ئەو حزبانەی کە بەشدار دەبن لەگەڵیاندا.

*** ئێوە وەکو حزبی شیوعی بڕیارتانداوە بەشداریی ئەم کابینەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکەن، ئەم بڕیارەدانە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە، لەکاتێکدا هێشتا گفتوگۆی نێوان لایەنەکان ئەنجام نەدراوە؟**

- ئێمە وەکو فراکسیۆنی ئازادی لە پەرلەمانی کوردستان و بڕیاری سەرکردایەتیی حزبیشمان بڕیاری ئۆپۆزسیۆنبوونمان داوە، چونکە پێمانوایە نە حکومەتی ڕابردوو، نە ئەم حکومەتەش لەگەڵ ئەو بەرنامە هەڵبژاردنەی حزبی شیوعی و لیستی ئازادی یەکانگیر نابێت، هەر بۆیە ئێمە وەکو حزبی شیوعی کوردستان بەشداری لە حکومەت ناکەین و متمانەش بە کابینەکە نادەین، ئەمەش بەو مانایە نییە ئێمە دژی کەسەکانی ناو حکومەتەکەین و هەڵوێستمان وەرگرتبێت، بڕیاری ئۆپۆزسیۆنبوونمان لەو ڕوانگەیەوە هاتووە مادام حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوتۆتە ژێر ڕکێف و مەرجە قورسەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتییەوەیە، ئەوا هەرگیز ئەم حکومەتە ناتوانێت خزمەتی هاووڵاتیانی کوردستان بکات، بگرە هەژارەکان هەژارتر و دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر دەکات. ئێمە لە حزبی شیوعی کوردستان تێبینی جددی و وردمان لەسەر لایەنی ئابووری و بژێوی ژیانی خەڵك هەیە، گەلی کوردستان بە جیاوازیی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکەیەوە شایەنی لەوە زیاترە.

*** هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین لە سەردەمی کابینەی پێشووی بنکەفراوانی حزبە کوردستانییەکان کەموکورتی هەبووە؛ پرسیار ئەوەیە لە کاتێکدا خەڵکی چاوەڕوانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانن، تا چ ڕادەیەك ئەم کابینەیە دەتوانێت چارەسەری ئەو کەموکورتییانەی کابینەی پێشوو بکات و حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانیش چۆن دەتوانن هاوکار بن بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتییەکان؟**

- تێڕوانینی ئێمە بۆ ئۆپۆزسیۆن جیاوازە و ئێمە تەنیا لە پێناو ئۆپۆزسیۆنبوون و دژایەتیکردنی حکومەت نابینە ئۆپۆزسیۆن، حزبی شیوعی کوردستان و فراکسیۆنی ئازادی لە پەرلەمانی کوردستان ئۆپۆزسیۆنێکی چەپی دیموکراتی نیشتمانی هەڵبژاردووە، لەگەڵ داوا ڕەواکانی خەڵك و ئیجابی دەبین، نەك تەنیا لەبەر ئەوەی پێمان بڵێن حزبی شیوعی و فراکسیۆنی ئازادی ئۆپۆزسیۆنە. دواتر خاڵی جیاکەرەوەی ئێمە لە حزبەکانی دیکە ناکۆکیمان لەسەر بەرنامە ئابوورییەکەیە. چونکە لە کابینەی ڕابردوودا هەر پێنج حزبە بەشداربووەکەی ناو حکومەت هیچ ناکۆکییەکیان لەسەر بەرنامە ئابوورییەکە نەبوو، بەڵکو ناکۆکییەکانیان لەسەر پلەو پۆست و ئیمتیازات و پێگە و پایەی خۆیان بوو، کەواتە خاڵی جەوهەری و جیاکەرەوەی ئێمە لەو حزبانە- چ ئەوانەی لەم کابینەیە دەچنە ناو حکومەت، چ ئەوانەی ڕایانگەیاندووە کە ئۆپۆزسیۆن دەبن- تەنیا بەرنامە ئابوورییەکەیە، ئێمە دژی مەرجە قورسەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و لیبراڵیزمی نوێین کە دەیانەوێت بیسەپێنن بەسەر ناوچەکەدا، دژی ئەو ئاراستە ئابوورییەین کە هەردوو حکومەتی

**نابێت حکومەتێک بە بیانوو یان پاساوی جۆراوجۆر میللەت برسی بکات، راستە قەیران هەیە، بەڵام دەسەڵاتداران دەرفەتی زیاتریان لەبەردەمدایە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی باشتر بە خەڵک**

**لە وڵاتانی دیکە وەزیرەکان بانگ دەکرێن و ناچار بە پێشکەشکردنی دەست لەکارکێشانەوەیان دەکەن، بەڵام لەسەرجەم کابینەکانی حکومەتی کوردستان حکومەت نەیتوانیوە لێپێچینەوە تەنانەت لە یەک وەزیر بکات و لەسەر کاری لابدات**

**ئەگەر بمانەوێت هەرێمێکی سەقامگیرمان هەبێت و هاوکاری هەبێت لە نێوان پەرلەمان و حکومەتدا، ئەوا دەبێت جۆرێک لە متمانە لە نێوان ئەم دوو دەسەڵاتەدا هەبێت**

کوردستان و عێراقیش گرتوویانەتەبەر و نەیانتوانیوە ئەو بودجە گەورەیەی کە لەبەردەستیاندایە بۆ خزمەتی هاووڵاتیان و ژێرخانی ئابووری بەکاری بهێنن.

*** بەپێی لێدوانی ژمارەیەك پەرلەمانتار ئەولەوییاتی کاری ئەمجارەی پەرلەمان تێپەڕاندنی یاسای چاکسازیی کارگێڕی دەبێت، ئایا تاچەند ئەم یاسایە بۆ هەیکەل و سەرکەوتنی کابینەی نۆیەمی حکومەت گرنگە؟**

- پڕۆژە یاسای چاکسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان خاڵی باشی تێدایە، بەڵام تێبینی و سەرنجیشمان لەسەر چەند خاڵێکیش هەیە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە رێکخستنەوەی دەرماڵە و ئیمتیازاتەکانەوە هەیە. کاتی خۆی بەو پێیەی حکومەت ئەو دەسەڵاتەی هەبووە رێنمایی دەربکات، هەر بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتەکان بە بڕیار و رێنمایی ئەو دەرماڵە و ئیمتیازاتانەی بەخشیوەتە توێژێکی فەرمانبەرانی حکومەت، هەر بۆیە ئەو سەردەمە حکومەت نەگەڕاوەتەوە بۆ پەرلەمان، واتە ئەو کات پەرلەمان ئەو دەرماڵەیەی نەداوە بە فەرمانبەران و تەنانەت ئەو دەسەڵاتەی نەداوەتە حکومەتیش، ئێستاکەش پێویستە حکومەت خۆی پێداچوونەوە بۆ ئەو مەسەلانە بکات و یەکلاییی بکاتەوە، ئەوەی پەیوەندی بە دەرکردنی یاساشەوە هەبێت پێموانییە ئەمجارە پەرلەمانی کوردستان کەمتەرخەم بێت لە پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی ئەو یاسایانەی کە پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیەو دەتوانێت باری سەرشانی حکومەت کەمێك سووکتر بکات لەم ڕووەوە. واتە بە بەشێوەیەکی گشتی پەرلەمان ئەرکی داڕشتنی یاسا و چاودێریکردنی کاروبارەکانی حکومەتە، هەروەها زۆر گرنگە لێرەدا پێویستە لە ماناو پەیوەندیی نێوان هەرسێ دەسەڵاتەکەی (پەرلەمان، حکومەت و دادگا) تێبگەین، کە ئەم دەسەڵاتانە جیاکراونەتەوە، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە لێکدابڕاون و بە مانای ئەوەش نایەت چوونەتە نێو یەکتری، بەڵکو پەیوەندییەك هەیە لە نێوانیاندا، بەڵام دەبێت پەیوەندییەکانی نێوانیان بە پێی یاسا رێکخرابێت و هەر یەك لەو دەسەڵاتانە پێویستە کاری خۆی بکات.

*** تێڕوانینی فراکسیۆنەکەتان و حزبی شیوعی کوردستانیش بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە بواری ئابوورییەوە هەیە لە پرۆسەیەکدا جێبەجێ دەکرێت کە هەرێمەکە بە دۆخێکی سەقامگیردا تێپەڕ بێت، ئایا پێشبینی ئەوە دەکەن ئەمجارە هەرێمی کوردستان بە دۆخێکی سەقامگیردا تێپەڕ بێت؟**

- ئەگەر ئیرادەی هێنانەدی سەقامگیری هەبێت؛ ئەوا کەس و حزب و لایەنەکانی ناو حکومەت یان ئۆپۆزسیۆن دوژمنی یەکتر نین، کەس لەگەڵ ئەوەدا نییە نیشتمانەکەی بڕووخێنێت، بەڵکو دەمانەوێت نیشتمانێکی جوان و بەهێزمان هەبێت. سەرباری هەموو ئەو تێبینیانەی هەمان بووە، دەکرێت شتی لەمە باشتر بکەین. پەرلەمان دەتوانێت هاوکارێکی باش بێت بۆ دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە لەخزمەتی خەڵکدایە، میللەتی کوردستان میللەتێکی ماندووە و شایستەی ئەوەیە خزمەتی بکرێت، نابێت حکومەتێك بە بیانوو یان پاساوی جۆراوجۆر میللەت برسی بکات، راستە قەیران هەیە، بەڵام دەسەڵاتداران دەرفەتی زیاتریان لەبەردەمدایە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی باشتر بە خەڵك.

*** وەکو ئاماژەت پێکرد کاری پەرلەمانی دەرکردنی یاساو بەدواداچوونی کاروبارەکانی حکومەتە، ئایا ئومێد هەیە لەم خولەی پەرلەمان کاری پەرلەمانتاری رێڕەوی ئاسایی و سرووشتیی خۆی بەدەست بهێنێتەوەو لەم خولەدا زۆرترین یاسا دەربکرێت؟**

- رەنگە کاری پەرلەمانی پێویستی بەکاری دەستەجەمعی بێت، بەڵام ئێمە پێکهاتەیەی حزبیمان هەیە کە رەنگدانەوەی هەبووە لە پێکهاتنی حکومەتیشدا، کە بەداخەوە لەسەرجەم کابینەکانی دیکەدا حکومەت نەیتوانیوە لێپێچینەوە تەنانەت لە یەك وەزیر بکات و لەسەر کاری لابدات. بەڵام دەبینین لە وڵاتانی دیکە وەزیرەکان بانگ دەکرێن و ناچار بە پێشکەشکردنی دەست لەکارکێشانەوەیان دەکەن. ئەوەی پەیوەندی بە چاودێریکردنی کاروبارەکانی حکومەت و جێبەجێکردنی یاساکانەوە هەیە، ئەوا ئێمە دەزانین لە رووی واقیعەوە حکومەت- دەسەڵاتی راپەڕاندن- دەسەڵاتێکی بەهێزترە لە دەسەڵاتی یاسادانان، یەکێك لە کێشەکانیش ئەوەیە هاوسەنگی نییە لەنێوان ئەم دوو دەسەڵاتەدا. خۆ راستە ئەرکی حکومەت قورسە و پەیوەستە بە کەلێنە کارگێڕییەکانەوە، بەڵام کاری پەرلەمانە کە چاودێریی حکومەت بکات. کەواتە ئەگەر بمانەوێت هەرێمێکی سەقامگیرمان هەبێت و هاوکاری هەبێت لە نێوان پەرلەمان و حکومەتدا، ئەوا دەبێت جۆرێك لە متمانە لە نێوان ئەم دوو دەسەڵاتەدا هەبێت. و نابێت بە تێڕوانینێکی بەرتەسك لە یەکتری بڕوانین. کەواتە دووبارە جەختی لەسەر دەکەمەوە پێویستە جۆرێك لە متمانە هەبێت بۆ ئەوەی روویەکی گەشی ئەم هەرێمە بخەینەڕوو، ئەویش بە هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان دەبێت.



دوای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان مسرور بارزانی وەك کاندیدی خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەت یەکلاکردەوە، قسە و باسەکان چڕبوونەتەوە لەسەر فۆرمی کابینەی نۆیەم و ئەو ئومێد و چاوەڕوانییانەی لە ئەدای حکومەتی نوێ دەکرێت، لەگەڵ باسکردنی چۆنیەتی بەشداریکردنی پێکهاتە جیاوازەکان لەم حکومەتەدا، لەم روانگەیەوە گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ مونا قەهوەچی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی چاکسازی تورکمانی ئەنجامدا.

## مونا نەبی قەهوەچی

پەرلەمانتاری کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی چاکسازی تورکمان بۆ گوڵان:

# پێکهێنانی حکومەتێکی زۆرینە بۆ کوردستان گەورەترین دەستکەوت دەبێت

*** چاوەڕێ دەکرێت کابینەی نۆیەمی کوردستان بە فۆرمێکی نوێوە دابمەزرێت، ئایا ئێوە وەك پێکهاتەی تورکمان و ئەوەندەی قسەتان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، چاوەڕێ دەکەن فۆرمی کابینەی نۆیەم چۆن بێت؟**

- ئێمە هەر وەکو پێکهاتەی تورکمان و پارتی چاکسازی تورکمان چاوەڕوانین ئەو فۆڕمە تازەیەی باس دەکرێت لەکابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا رەنگدانەوەی هەبێت، واتە پێکهاتە جیاجیاکانی کوردستان لە دەسەڵاتدا بەشدارییان هەبێت و پێویستە پێکهاتەکان پۆستیان لە ئاستی دەسەڵاتە سیادییەکان پێ بدرێت، ئەویش وەکو جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان. هەروەها من پێموایە کابینەی نوێی حکومەتی کوردستان لە کابینەکانی دیکەی پێش خۆی جیاوازتر دەبێت، واتە ئەو حزبانەی تێدا نابێت، کە بە رۆژ لە حکومەتن و بە شەویش ئۆپۆزسیۆنن.

**جیاوازیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراقدا لەبەرامبەر داواکاری و مافەکانی تورکمان و پێکهاتەکانی دیکەش زۆرە، ئەمەش لە سایەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردو کوردستان و بەتایبەتی لە سایەی جەنابی سەرۆک بارزانی بووە کە باوەڕێکی سەداسەدو گەورەی بە پێکەوەژیان و لێبوردەیی و ئاشتی لە کوردستاندا هەیە**

**کابینەی نوێی حکومەتی کوردستان لە کابینەکانی دیکەی پێش خۆی جیاوازتر دەبێت، واتە ئەو حزبانەی تێدا نابێت، کە بە رۆژ لە حکومەتن و بە شەویش ئۆپۆزسیۆنن**

**ماف و داواکاریی پێکهاتەی تورکمان لەلایەن حکومەتی کوردستان جێگیر و پارێزراوە و ساڵ لە دوای ساڵیش مافەکانمان زیاتر و بەهێزتر دەبن**

لەهەمانکاتدا پێداگری دەکات لەسەر چەسپاندنی پرۆژە یاسای چاکسازی، تاوەکو گوزەرانی خەڵکی کوردستان باشتر بکرێت. هاوکات پێموایە پێکهێنانی حکومەتێکی زۆرینە گەورەترین دەستکەوت دەبێت بۆ کوردستان.

*** لە خولی پێشووی پەرلەمانیشدا پەرلەمانتار بوویت، لەمبارەوە زۆر کەس باس لەوە دەکەن، خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان خولێکی سەرکەوتوو نەبووە و نەیتوانیوە هاریکاری حکومەت بکات، ئایا هۆکاری سەرنەکەوتنی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان چی بوو؟**

- هۆکاری سەرەکیی سەرنەکەوتنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەندێک لە فرکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان موزایەدەی سیاسیان دەکرد، ئەگەرچی دەزانین پەرلەمان حەرەمێکە دەبێت لەپێناو بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان پرۆژە یاسا ئامادە و پەسند بکات، بەڵام ئەو موزایەدە سیاسییانەی لە خولی رابردوو لەناو پەرلەمانی کوردستان ئەنجام دەدرا، بۆ وروژاندنی خەڵکی کوردستان لە دژی حکومەت و دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان بوو، ئەو کێشەو گرفتانەش کە لە دەرەوە لە نێوان حزبەکان هەبوو، لەخولی چوارمدا دەیانهێنایە ناو پەرلەمان، هەرچەندە ئەو کێشەو گرفتانە جێگایان ناو پەرلەمان نەبوو کە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بەڵام ئەوان بیانوویەکیان دروست دەکرد و دەیانهێنایە ناو هۆڵی پەرلەمان، ئەم کێشانەش لەناو پەرلەمان یەکلا نەدەکرایەوە، بەمەش ململانێ و موزایەدەی سیاسی دروست دەبوو و پەرلەمانی کوردستان پەک دەخرا. بەڵام لەم خولەی ئێستای پەرلەمانی کوردستاندا کەمترین موزایەدە و ململانێ سیاسی ئەنجام دەدرێت، بەهۆی بەهێزبوونی حزبی دەسەڵاتەوە کە بواریان پێ نادرێت ئەو کارە بکەن.

*** لەم خولەدا کە هەتا ئێستا یەک دانیشتن ئەنجام دراوە و بەکراویی ئەو دانیشتنەی پەرلەمانی کوردستان هێڵدراوەتەوە، هەست دەکرێت هەموو پەرلەمانتارانی کوتلە جیاوازەکان بە ئارامی رەفتار دەکەن و بەمەش پێشبینی ئەوە دەکرێت، ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان زۆر ئەکتیف و هاوکاری حکومەتی کوردستان بێت، ئایا هۆکاری دروستبوونی ئەو مەزندانە لەسەر خولی ئەمجارە چین؟**

- بە بۆچوونی من ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان چاوەڕوانییەکی زۆری لێدەکرێت کە باشترین پرۆژە یاسای تێدا تێپەڕێندرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەندام پەرلەمانەکانی حزبەکان کەسانی پرۆفیشنال و ئەکادیمین و بۆ موزایەدەی سیاسی نەهاتوونەتە ناو پەرلەمانی کوردستان. بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە پێویستە ئەندامانی حزبەکان کە هاتوونەتە ناو پەرلەمان بۆ خزمەت و بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان کار بکەن، نەک بۆ بەرژەوەندیی حزبەکانیان. ئێمە هەوڵدەدەین لەیەکەم دانیشتنی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستاندا بە جددی کار لەسەر پرۆژە یاسای چاکسازی بکەین و یاساکە تێپەڕێنین. بۆیە ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان کاراو بەهێز دەبێت، پەرلەمانێکیش دەبێت کارو هەنگاوەکانی پاڵپشتی حکومەتی کوردستانە و دەبێت لەم خولەی پەرلەمانی کوردستاندا کەمترین قسە و زۆرترین یاسا پەسند بکرێت و ئەمجارە کردار لە دروشم و قسەکردن زیاترە، چونکە خەڵکی کوردستان تێربوون لەقسەو دروشم، ئەمەش پێویستی بەوەیە هەر حزبێك لە حکومەت بەشدار بوو، دەبێت پاڵپشتی تەواوی حکومەت بێت و لە موزایەدەی سیاسی دەست هەڵگرێت.

*** وەك هەندێك لە پەرلەمانتارەکان لە میدیاکانەوە باسی دەکەن، ئەولەوییەتی کاری پەرلەمانی لەم خولەدا تێپەڕاندنی یاسای چاکسازییە، ئایا یاسای چاکسازی تا چەند کابینەی نۆیەم تەرشیق دەکات و گرنگیی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان چییە؟**

- بێگومان لە خولی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستاندا هەر لە دانیشتنی یەکەمەوە کارو بەرنامەمان لەسەر تێپەڕاندنی یاسای چاکسازییەوە دەبێت، چونکە بە پەسندکردنی یاساکە لە پەرلەمان و بە جێبەجێکردنی لەلایەن کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشی زۆری کێشە داراییەکانی حکومەت بە رێژەی (٪٧٠) چارەسەر دەبێت و ئەو دامودەزگاو دامەزراوانەی کە خەڵکیان بە نایاسایی دامەزراندووە و پلە و پۆستیان بە ناهەق بەخشیوە، ئەو حاڵەتانە هەر هەمووی چارەسەر دەکرێت. بۆیە کاریگەریی زۆر باش و پۆزەتیڤ لەسەر ئەدای حکومەت دروست دەکات.

*** باس لەوە دەکرێت پێکهاتەی تورکمان ئەمجارەیان لە پۆستە سەرۆکایەتییەکاندا پشکی دەبێت، ئایا ئەمە هەر داواکارییە، یان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانیش باستان کردووە؟**

- هەموو حزب و لایەنەکان لە پێکهاتەی تورکمان لە هەرێمی کوردستاندا پرۆژەیەکمان بۆ ئەو مەبەستە ئامادە کردووە و بە فەرمی رامانگەیاندووە

کە لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان داواکارین یەکێك لە پۆستە سیادەکان وەکو جێگری دووەمی پەرلەمان، یان جێگری سەرۆکی حکومەت بە پێکهاتەی تورکمان بدرێت و لەکاتی سەردانی شاندی دانوستاندنکاری پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ لامان ئێمە پرۆژەکەمان پێشکەشیان دەکەین و گفتوگۆی لەسەر ئەنجام دەدەین، هەروەها جەخت لەوە دەکەینەوە بەشداری پێکهاتەکانی کوردستان لە دەستەی سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش دەبێت بۆ دیموکراتیەت و پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان. لەسەردانەکانمان بۆ لای کونسوڵخانەکان هەمان داواکاریمان لەگەڵیان باس کردووە و ئەوانیش زۆر بە باشی دەزانن و جەختیشیان لەسەر کردۆتەوە کە دەبێت پێکهاتەکانی کوردستان لە پۆستە سیادییەکانی هەرێمی کوردستان بەشداربن، ئەگەر پێکهاتەکان وەکو تورکمان و کلدو و ئاشورو سریان لە پۆستە سیادییەکانی دەستەی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پۆستیان هەبێت، ئەوە پێکەوەژیان و لێبووردەیی و ئاشتی لە کوردستاندا زیاتر بەرجەستە دەکات، بەڵام لە کاتێکدا دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان تەنیا لە پێکهاتەی کورد بێت، ئەوە ئەو پەرلەمانە کوردستانی نییە، بۆیە لێرەدا داواکارین لە هەموو حزب و لایەنە کوردستانییەکان کە پاڵپشتمان بن و ماف و داواکارییەکانمان قبووڵ بکەن، نەك چاوەڕوان بن تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان داواکارییەکەی ئێمەی قبووڵ بێت و پاڵپشتیمان بکات.

*** وەکو ئاگادارین لە کابینەی یەکەمی حکومەتی کوردستانەوە لە ساڵی ١٩٩٢تا ئێستاکە کە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستانە پێکهاتەی تورکمان بە پراکتیکی هاوبەش و بەشدارن لە حکومەت و پەرلەمان و هەموو جومگەکانی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستاندا، ئەگەرچی دەبینین پێکهاتەی تورکمان لە حکومەتی عێراقیدا بەتایبەتی لە کابینەی عەبادی و دکتۆر عادل عەبدولمەهدی پۆستی وەزارییان نییە، ئایا ئەمە چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- من لە هەموو شوێن و کاتێکدا گوتوومە جیاوازیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراقدا لەبەرامبەر داواکاری و مافەکانی تورکمان و پێکهاتەکانی دیکەش زۆرە، ئەمەش لە سایەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردو کوردستان و بەتایبەتی لە سایەی جەنابی سەرۆك بارزانی بووە کە باوەڕێکی سەداسەدو گەورەی بە پێکەوەژیان و لێبووردەیی و ئاشتی لە کوردستاندا هەیە، ئەمەش وایکردووە لە کوردستان تورکمانەکان مافی کەلتووری و ڕۆشنبیری و سیاسی و دەستووریيان بەرقەرار بووە، ئەگەرچی ئەو نوێنەرانەی بەرەی تورکمانی کە بەناو نوێنەری پێکهاتەی تورکمانن لە عێراقدا نەیانتوانیوە یەك کار بۆ پێکهاتەی تورکمان بکەن، و تاکە کێشەیەکیان پێ چارەسەر نەکراوە، چونکە عێراق باوەڕی بە پێکەوە ژیان نییە، هەر بۆیە لە کابینەی تازەی حکومەتی عێراقدا ڕێگەیان نەدا تورکمان هیچ وەزارەتێك و پۆستێك وەربگرێت و لەکابینەی عەبادیش هەر بەهەمانشێوە بوو، هەموو ئەوانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو کەسانەی لە بەرەی تورکمانین و بە شان و باڵی عێراقدا هەڵدەدەن، هەم خۆیان و هەم خەڵکی تورکمان بەتایبەتی ئەوانەی ناو بەرەی تورکمانی بە هەڵەدا دەبەن و لەلایەکی دیکەوە کەسانێك هەبوون پروپاگەندەی وایان بڵاو دەکردەوە، گوایە مافی پێکهاتەی تورکمان لە کوردستان پێشێل و قۆرخ کراوە، ئەمە وادەرنەچوو، بەڵکو پێچەوانەکەی ڕاستە، کە ماف و داواکاریی پێکهاتەی تورکمان لەلایەن حکومەتی کوردستان جێگیر و پارێزراوە و ساڵ لە دوای ساڵیش مافەکانمان زیاتر و بەهێزتر دەبن، ئەگەرچی ئەوە چەند ڕۆژێکە ئەرشەد ساڵحی و کەسانی تریشیان ناڕەزایی دەردەبڕن لە بەرامبەر کابینە تازەکەی حکومەتی عێراق کە هیچ پۆستێکی پێ نەداون، بەتایبەتی پۆستی وەزاری، بەڵام ئێمە کە ئێستاکە لە کابینەی تازەی حکومەتی کوردستان لە خولی پێنجەمی پەرلەماندا وەکو پێکهاتەی تورکمان داوای پۆستی سیادی دەکەین، لەمبارەشەوە نە پارتی دیموکراتی کوردستان کە براوەی یەکەمە و نە حزبەکانی تری کوردستان ڕێگری و ناڕەزاییان لەبەرامبەر داواکارییەکەی ئێمە دەرنەبڕیوە، هەربۆیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و کونسوڵەکانیش لە کوردستاندا باش دەزانن کە مافی تورکمانەکان لە کوردستاندا تا ئاستێکی زۆر باش پارێزراوە و هەر چەند ناتوانین بڵێین ١٠٠٪ مافی تورکمان هەیە، بەڵام لە عێراقدا بە هیچ جۆرێك مافی نەك تورکمان، بەڵکو مافی هەموو پێکهاتەکان، بە کوردیشەوە نەدراوە و پێشێل کراوە، لەکاتێکدا ئەگەر مافی کورد بە تەواوی بدرێت و بەرقەرار بێت، ئەوە ئێمە دڵنیاین کە مافی تورکمانەکانیش لە کوردستان بە تەواوی دەستەبەر و پارێزراو دەبێت.

**ئەو نوێنەرانەی بەرەی تورکمانی کە بەناو نوێنەری پێکهاتەی تورکمانن لە عێراقدا نەیانتوانیوە یەک کار بۆ پێکهاتەی تورکمان بکەن، و تاکە کێشەیەکیان پێ چارەسەر نەکراوە، چونکە عێراق باوەڕی بە پێکەوە ژیان نییە**

**ئەو موزایەدە سیاسییانەی لە خولی ڕابردوو لەناو پەرلەمانی کوردستان ئەنجام دەدرا، بۆ وروژاندنی خەڵکی کوردستان لە دژی حکومەت و دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان بوو**

**دڵنیام ئەو دروشم و بەڵێنانەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بانگەشەی بۆ دەکرد، بە تەواوەتی جێبەجێ دەکرێن**

# تەنگژەی دیموکراسی: ئایا دیموکراسی شکستی هێناوە؟

بەشی یەکەم

**«شتێک نییە دڵرفێنتر لە هونەری ئازادی، بەڵام هیچ شتێکیش هێندەی فێربوونی بەکارهێنانی ئازادی دژوار نییە.»**
**ئەلێکسی دی توکفیل: دیموکراسیەت لە ئەمریکا**

**کاتێک حوکمڕانە سەرکوتکارەکان دووردەخرێنەوە، ئەوا ئەو بەرهەڵستکارانەی شوێنیان گرتوونەتەوە، بە زۆری شکستیان هێناوە لە بنیادنانی سیستمێکی دیموکراتی کە قابیلی ژیان و بەردەوامبوون بێت**

دیموکراسیەت سەرکەوتووترین هزری سیاسییە لە سەدەی بیستدا، بەڵام بۆچی کێشەی «شکستهێنانی» دەرووژێندرێت و ئایا پێویستە چی بکرێت بۆ خولادان لەم شکستە؟


دیموکراسییەتەکان لە رووی هزر و مومارەسەوە لە غەیرە دیموکراتییەکان زیاتر دەوڵەمەندترن. لەوەش گرنگتر، دیموکراسیەت دەرفەت بۆ خەڵکی دەڕەخسێنێت بۆ گوزارشتکردن لە بۆچوونەکانیان و دارشتنی داهاتووی خۆیان و رۆڵەکانیان. بەشێکی زۆری خەڵکی لە بەشە جیاوازەکانی جیهاندا ئامادەن سەرکێشی بکەن لە پێناویدا، لەبەر ئەوەی بیرۆکەی دیموکراسیەت هێزێکی کێشکردنی هەمیشەیی هەیە. بەڵام لەگەڵ هەموو لایەنە باشەکانیدا، لە ئێستادا دیموکراسیەت بە رۆژگارێکی دژواردا تێدەپەڕێت.

کاتێك حوکمڕانە سەرکوتکارەکان دووردەخرێنەوە، ئەوا ئەو بەرهەڵستکارانەی شوێنیان گرتوونەتەوە، بە زۆری شکستیان هێناوە لە بنیادنانی سیستمێکی دیموکراتی کە قابیلی ژیان و بەردەوامبوون بێت. لە هەمان کاتدا، لە دیموکراسیەتە جێگیرەکاندا، کە لە بەرەکانی سیستمەکە کەوتوونەتە بەرچاو بە چەشنێك کە بوونەتە مایەی خولقاندنی نیگەرانی و لە ئاستی سیاسەتەدا نائومێدی بڵاو بۆتەوە.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا، دیموکراسیەتە تازەگەشەکردووەکان لە ئەڵمانیا و ئیسپانیا و ئیتاڵیا داڕووخان. و بە هاتنی ساڵی ١٩٤١، تەنیا ١١ وڵاتی دیموکراسی مانەوە، فرانکلین رۆزەفڵت نیگەران بوو و باسی لەوە دەکرد کە هەر دەبێت «مەشخەڵی دیموکراسیی مەزن لە تاریکی بەربەریەت بپارێزرێت.»

تەنیا چەند ساڵێك پێش ئێستا وا دەردەکەوت کە دیموکراسی باڵادەست بێت بەسەر جیهاندا.

ئەوە بوو کۆمەڵێك دیموکراسییەتی نوێ لە ئەفریقیا و ئاسیا هاتنەئاراوە: لە یۆنان (١٩٧٤) و ئیسپانیا (١٩٧٥)، و ئەرجەنتین (١٩٨٣)، بەرازیل (١٩٨٥)، و چیللی (١٩٨٩)، دیموکراسییەتە



**پ.د. شێرزاد نەجار**

**تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی**

تازەگەشەکردووەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا (پۆڵەندا و چیك و ...هتد).

لە ناوەڕاستی دووەمی سەدەی بیستدا، لە سەختترین هەلومەرجی مومکیندا دیموکراسیەتەکان ڕەگوڕیشەیان چەسپاند: لە ئەڵمانیا، کە بەدەست نازییەتەوە ناڵاندبووی، لە هیندستان، کە زۆرترین هاووڵاتی هەژار لەخۆ دەگرێت، هەروەها لە باشووری ئەفریقیاش.

بە هاتنی ساڵی ٢٠٠٠، فریدەم هاووس، کە دامەزراوەیەکی هزری ئەمریکییە، پۆلێنکاری کرد و ١٢٠ دەوڵەت، یان لە ٦٣٪ کۆی دەوڵەتانی جیهانی بە دەوڵەتی دیموکراسی هەژمارکرد لە نێوان ساڵانەی ١٩٨٠ و ٢٠٠٠دا.

لە ساڵی ٢٠٠٠ نوێنەری زیاتر لە ١٠٠ دەوڵەت لە کۆڕبەندی جیهانی بۆ دیموکراسی لە وارشۆ کۆبوونەوە بۆ ڕاگەیاندنی ئەوەی کە «ئیرادەی گەل» بریتییە «لە بنچینەی دەسەڵاتی حکومەت.» هەروەها ڕاپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەوەی خستەڕوو کە دوای ئەوەی «ئەزموونە شکستخواردووەکان» لە شێوە حوکمڕانییە سەرکوتکاری و گشتگیرەکانەوە سەرچاوەیان گرت، ئەوا «پێدەچێت ئێستا دیموکراسیەت سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت.»

بەڵام ئەو بەرەوپێشچوونەی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستدا بەدیهاتن. لە سەدەی بیست و یەکدا ڕاوەستان. کە سەرەڕای ئەوەی لە ٤٠٪ی دانیشتووانی جیهان، لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر، لەو وڵاتانەدا دەژین کە هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانەیان تێدا ئەنجام دەدرێت، بەڵام بەرەوپێشچوونی دیموکراسی لەسەر ئاستی جیهان ڕاوەستاوە، ڕەنگە پاشەکشەشی کردبێت. دامەزراوەی فریدەم هاووس ئاماژە بەوە دەکات کە ساڵی ٢٠١٣ هەشتەمین ساڵ بوو لەسەر یەك کە ئازادی لە ئاستی جیهان لە داکشاندا بوو، و کاروانی دیموکراسیش لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا لە ترۆپکدا بوو. لەنێوان ساڵانی ١٩٨٠ و ٢٠٠٠،

**ساڵی ٢٠٠٠، فریدەم هاووس، کە دامەزراوەیەکی هزری ئەمریکییە، پۆلێنکاری کرد و ١٢٠ دەوڵەت، یان لە ٦٣٪ کۆی دەوڵەتانی جیهانی بە دەوڵەتی دیموکراسی هەژمارکرد لە نێوان ساڵانەی ١٩٨٠ و ٢٠٠٠دا**

دیموکراسی تەنیا دوچاری چەند نسکۆیەك بۆوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە روبەڕوزی چەندین نوچدان بۆوەو کێشەکانی دیموکراسی قووڵترن لەوەی ژمارەکان ئاماژەیان بۆ دەکەن. زۆرێك لە بەناو دیموکراسیەتەکان بەرەو سەرکوتکاری داخزان، واتە پارێزگارییان لە رواڵەتی دەرەکیی دیموکراسی کرد، وەك ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، بەڵام بە بێ دەستەبەرکردنی مافەکان و بێ بوونی دامەزراوەکان کە گرنگییەکەیان کەمتر نییە لە لایەنەکانی سیستمێکی دیموکراسیی کارا.

باوەڕهێنان بە دیموکراسی لە ساتەوەختەکانی سەرکەوتندا دێتەئاراوە، وەك رووخاندنی ئەو سیستمەی کە پشتیوانیی جەماوەری لێ ناکرێت. بەڵام بە زۆری بەرەوپێشچوونی دیموکراسیەتەکان بەرەو داڕووخان دەچێت. لە نێو رۆژئاوادا، بە زۆری دیموکراسیەت دەناڵێنێت بەدەست پرسی قەرز و کێشەی بونیادی لە ناوخۆدا و کێشەی سنوورتێپەڕاندن لەسەر ئاستی دەرەوە. بەڵام لە ئێستادا بە رێزگرتنێکی نوێوە مامەڵە لەگەڵ گومانە کۆنەکاندا دەکرێت، کە خاڵە لاوازەکانی دیموکراسی لە نێو رۆژئاوادا و لەرزۆکی کاریگەرییەکەی لە شوێنەکانی دیکەدا، بەرچاوتر بوون. کەواتە بۆچی دیموکراسی گوڕوتینی پێشووی لەدەست داوە؟

دوو هۆکاری سەرەکی هەن لەم رووەوە، کە بریتین لە قەیرانی دارایی ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ و هەڵکشانی چین. زیانەکانی قەیرانەکە زیانی دەروونی و دارایی بوون و پەردەیان لەسەر خاڵە لاوازە بنەڕەتییەکانی سیستمی سیاسی لە رۆژئاوا هەڵماڵی، ئەمەش بووە هۆی بنکۆڵکردنی متمانە بەخۆبوون کە یەکێك بوو لە پایە مەزنەکانی. هەروەها حکومەتەکان بەردەوام بوون لە پێدانی شایستەییەکان بە درێژایی چەند دەیەیەك، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئاستێکی مەترسیداری قەرز کەڵەکە بێت، سیاسەتمەدارانیش باوەڕیان وابوو کە قۆناغەکانی گەشەکردن و داکشانیان هەڵوەشاندۆتەوە و سنوورێکیان بۆ مەترسییەکان داناوە. ئەوە بوو خەڵکانێکی زۆر هەستیان بە نائومێدی دەکرد لە ئاست شێوازی کارکردنی سیستمە سیاسییەکانیانەوە، بەتایبەتی کاتێك حکومەتەکان بە پارەی باجدەرەکان بانکەکانیان رزگارکرد، دواتر ئەمە بۆ یەکجاری راوەستا، کاتێك پارەبەخشەکان بەردەوام بوون لە پێدانی پاداشتی گەورە پێیان. قەیرانەکەش کۆدەنگیی نیشتمانی گۆڕی بۆ گوزارشتێك لە جیهانی تازەگەشەکردوودا: قۆرخکردنی پێشکەوتنی ئابووری. لاری سامرز، لە زانکۆی هارڤارد، سەرنجی ئەوە دەدات، کاتێك ئەمریکا بە رەوتێکی خێراتر گەشەی دەکرد، ئەوا هەر بە نزیکەیی لە هەر ٣٠ ساڵ جارێکدا ئاستی گوزەران دوو هێندە دەبوون. ئەمە لە کاتێکدا چین لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا هەوڵیداوە هەر دە ساڵ جارێك ئاستی گوزەران دوو هێندە بکات. ئێستاش نوخبەی وڵاتی چین باس لەوە دەکەن کە مۆدێلی ئەوان- کۆنترۆڵێکی توند لەلایەن حزبی کۆمۆنیستییەوە، هاوشان بە هەوڵێکی بێ پەروا بۆ دامەزراندنی کەسانی کارامە لە پۆستە باڵاکانیدا- کاراترە لە دیموکراسی و کەمتر رووبەڕووی شڵەژان دەبێتەوە. کە نزیکەی هەر دە ساڵ جارێك سەرکردایەتیی سیاسی دەگۆڕێت و بەردەوام کارامەیی نوێ لەخۆ دەگرێت و لە سەر ئەو بنەمایەش بانگەشە بۆ کادرەکانی حزب دەکرێت کە تا چ ئاستێك دەتوانن ئامانجەکان بپێکن.

بەڵام رەخنەگرانی چین پێکاویانە کاتێك سەرزەنشتی حکومەتی ئەو وڵاتە دەکەن کە بە هەموو شێوەیەك کۆنترۆڵی رای گشتی کردووە، لە رووی زیندانیکردنی بەرهەڵستکارەکانەوە بۆ چاودێریکردنی گفتوگۆی نێو تۆڕی ئەنتەرنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، خولیای دەسەڵات بۆ کۆنترۆڵکردن، بە مانای ئەوە دێت کە بە شێوەیەکی گریمانەکراو ئەم دەسەڵاتە بایەخ بە رای گشتی دەدات. لە هەمان کاتدا، سەرکردەکانی چین توانیویانە چارەسەری هەندێ لە کێشە گەورەکانی پەیوەست بە بنیادنانی دەوڵەت بکەن، لە کاتێکدا مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشانە لە سایەی دیموکراسیدا چەندین دەیەی پێویستە. بۆ نموونە، لە ماوەی دوو ساڵدا، چین مووچەی خانەنشینی بۆ ژمارەیەکی زیاتری گوندنشینەکانی دابین کرد، کە ژمارەیان دەگاتە ٢٤٠ ملیۆن کەس، ئەمەش زۆر زیاترە لە ژمارەی ئەو کەسانەی کە سیستمی مووچەی گشتی لە ئەمریکا دەیانگرێتەوە.

زۆرێك لە خەڵکی چین ئامادەن بۆ خستنەڕووی سیستمەکەیان ئەگەر بێتو گەشەکردن بەدەست بهێنێت. راپرسییەکانی دەزگای بیو بۆ هەڵوێستە جیهانییەکان لە ساڵی ٢٠١٣دا ئەوەی خستەڕوو کە لە ٨٥٪ی چینیەکان «زۆر رازین» لەو ئاراستەیەی وڵاتەکەیان گرتوویەتەبەر، ئەمە بە بەراورد بە رێژەی ٣١٪ی ئەمریکییەکان. ئەوەتا هەندێ لە بیریارەکانی چین بە شێوەیەکی ئیجابی

**سەرەڕای ئەوەی لە ٤٠٪ی دانیشتووانی جیهان، لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر، لەو وڵاتانەدا دەژین کە هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانەیان تێدا ئەنجام دەدرێت، بەڵام بەرەوپێشچوونی دیموکراسی لەسەر ئاستی جیهان راوەستاوە، رەنگە پاشەکشەشی کردبێت**

**لە ماوەی دوو ساڵدا، چین مووچەی خانەنشینی بۆ ژمارەیەکی زیاتری گوندنشینەکانی دابین کرد، کە ژمارەیان دەگاتە ٢٤٠ ملیۆن کەس، ئەمەش زۆر زیاترە لە ژمارەی ئەو کەسانەی کە سیستمی مووچەی گشتی لە ئەمریکا دەیانگرێتەوە**

**تشانغ ویوی لە زانکۆی فودان مشتومڕی ئەوە دەکات کە دیموکراسی، رۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمریکا، تێکدەشکێنێت، لەبەر ئەوەی سیستمێکی چەقبەستوو دروست دەکات، و پرۆسەی بڕیاردان بەلارێدا دەبات و کەسانی پلە دوو بۆ سەرۆکایەتی سەردەخات**

سەرقاڵی خۆهەڵکێشانن. چانغ ویوی لە زانکۆی فودان مشتومڕی ئەوە دەکات کە دیموکراسی، ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمریکا، تێکدەشکێنێت، لەبەر ئەوەی سیستمێکی چەقبەستوو دروست دەکات، و پرۆسەی بڕیاردان بەلاڕێدا دەبات و کەسانی پلە دوو بۆ سەرۆکایەتی سەردەخات، وەك جورج بۆشی کوڕ. یو کیبینگ لە زانکۆی پەکین باس لەوە دەکات کە دیموکراسی بابەتە سادەکان دەکاتە چەند «پرسێکی زۆر ئاڵۆز و کەمبایەخ» و ڕێگە دەدات بە «هەندێ لە سیاسەتەکان بۆ ئەوەی لە ڕێی قسەی بریقەدارەوە خەڵك چەواشە بکەن.» هەروەها وانغ جیسی لە زانکۆی پەکین، سەرنجی ئەوە دەدات کە «زۆرێك لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان کە بەها و سیستمە سیاسییەکانی ڕۆژئاوایان گرتۆتەبەر بە دەست پشێوییەوە دەناڵێنن» و چین مۆدێلێکی بەدیل دەخاتەڕوو. کە چەند وڵاتێکی ئەفریقیا (ڕواندا) و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (دوبەی) و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (ڤێتنام) ئەم قسەیە بە جددی وەردەگرن.

لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە پێشکەوتنی چین هێزێکی زیاتری بەدەستهێنا لە چوارچێوەی زنجیرەیەك لە نائومێدبوون لە ئاست دیموکراسیدا. یەکەم نسکۆی گەورەش لە ڕووسیا ڕوویدا. دوای کەوتنی دیواری بەرلین لە ساڵی ١٩٨٩دا، وا دەرکەوت کە ئاڵوگۆڕی دیموکراسی پەرەسەندنێکی حەتمییە لە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوودا. لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو، ڕووسیا چەند هەنگاوێکی سەرمەستانەی هەڵگرت لە سەردەمی بۆریس یەڵتسندا. بەڵام لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٩دا دەستی لەکارکێشایەوە و دەسەڵاتی ڕادەستی ڤلادیمیر پوتین کرد، کە کارمەندێکی پێشوو کەی جی بی بوو، کە لەو کاتەوە پۆستی سەرۆکی حکومەت و دوو جار پۆستی سەرۆکی وڵاتی وەرگرتووە. ئەم قەیسەرەی دوای ڕۆژگاری مۆدێرنە گەوهەری دیموکراسی لە ڕووسیا لەناو بردووە و ڕۆژنامەگەری دەمکوتکردووە و نەیارەکانی زیندانی کردووە، بەڵام پارێزگاری لە ڕواڵەتەکە کردووە، واتە هەمووان دەتوانن دەنگ بدەن تا ئەو کاتەی کە پوتین براوە بێت. سەرکردە تاکڕەوەکانیش لە فەنزویلا، ئۆکرانیا و ئەرجەنتین و شوێنەکانی دیکە دیموکراسییەتێك بەلاڕێدابراویان پیادە کردووە لەبری ئەوەی بە یەکجاری خۆیانی لێ ڕزگار بکەن، ئەمەش بۆتەهۆی زیاتر شێواندنی ناوبانگی دیموکراسی.

نسکۆی گەورەی دووەم بریتی بوو لە جەنگی عێراق. کاتێك دوای داگیرکاری ئەمریکا بۆ عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا بیانووی بوونی چەکی کۆمەڵکوژ لای سەددام حوسێن ڕاست دەرنەچوو، بوش بیانووی دیکەی خستەڕوو بۆ پاساوهێنانەوە بۆ جەنگەکە و ڕایگەیاند ئەمە جەنگە لە پێناوی ئازادی و دیموکراتیدایە. و لە دووەم وتاری دەستپێکدا ڕایگەیاند: «هەوڵە هاوبەشەکانی دەوڵەتە ئازادەکان بۆ بەهێزکردنی دیموکراسی، سەرەتای شکستهێنانی دوژمنەکانمانە.» ئەمەش زیاتر بوو لە کارێکی هەڵپەرستانە: بوش بە ڕاستی باوەڕی وابوو تا ئەو کاتەی دیکتاتۆرەکان زاڵ بن بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا ئەم ناوچەیە وەك خاکێکی بە پیت بۆ تیرۆر دەمێنێتەوە. بەڵام زیانی گەیاند بە دیموکراسی. چەپڕەوەکان ئەمەیان کردە بەڵگەی ئەوەی کە دیموکراسی تەنیا گەمەیەکی دەستی ئیمپریالیزمی ئەمریکییە. واقیعبینەکانی نێو سیاسەتی دەرەوە پێیان وابوو پشێوی هەڵکشاوی عێراق بەڵگەیە کە بەهێزکردنی دیموکراسی بە سەرکردایەتی ئەمریکا مایەی ناسەقامگیرییە. موحافیزکارە نوێیەکان نائومێد بوون، وەك فرانسیس فۆکۆیاما، کە زانایەکی سیاسیی ئەمریکییە، ئەمەیان کردە بەڵگەی ئەوەی ناکرێت لەسەر خاکێکی بەردین دیموکراسی ڕەگوڕیشە بچەسپێنێت.

سێیەم نسکۆی مەترسیدار، میسر بوو. ڕووخانی ڕژێمەکەی حوسنی موبارەك لە ساڵی ٢٠١١، لە نێو خۆپیشاندانە گەورەکاندا، ئومێدی بووژاندەوە بە بڵاوکردنەوەی دیموکراسیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵام هەر زوو بە زوو ئەم کەفوکوڵە گۆڕا بۆ نائومێدی. چالاکە لیبراڵەکان (کە دابەشبوون بەسەر ژمارەیەکی زۆر و زەوەندی حزبدا) سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا لەو هەڵبژاردنانەی دواتر لە میسر ئەنجامدران، بەڵکو کۆمەڵی ئیخوان موسلمین سەرکەوت و محەمەد مورسی بووە سەرۆك و ئەویش بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ دیموکراسیدا کرد، وەك ئەوەی براوە بتوانێت باڵادەست بێت و دەوڵەتیش هاوشان بکاتەوە بە ئیخوان و دەسەڵاتی سنووردارنەکراو بە خۆی ببەخشێت و ئەنجومەنێکی باڵا پێکبهێنێت کە هەمیشە ئیسلامییەکان تێیدا زۆرینە بن. لە تەمووزی ساڵی ٢٠١٣دا، سوپای میسر دەستێوەردانی کرد و یەکەم سەرۆك کە بە شێوەیەکی دیموکراتییانە هەڵبژێردرابێت لە میسر، دەستگیرکرا، و چەندین ئەندامی باڵا

ڤلادیمیر پوتین کارمەندێکی پێشوو کەی جی بی بوو، لەو کاتەوە پۆستی سەرۆکی حکومەت و دوو جار پۆستی سەرۆکی وڵاتی وەرگرتووە، ئەم قەیسەرەی دوای ڕۆژگاری مۆدێرنە گەوهەری دیموکراسی لە ڕووسیا لەناو بردووە و ڕۆژنامەگەری دەمکوتکردووە و نەیارەکانی زیندانی کردووە، بەڵام پارێزگاری لە ڕواڵەتەکە کردووە

بوش بە ڕاستی باوەڕی وابوو تا ئەو کاتەی دیکتاتۆرەکان زاڵ بن بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا ئەم ناوچەیە وەک خاکێکی بە پیت بۆ تیرۆر دەمێنێتەوە. بەڵام زیانی گەیاند بە دیموکراسی. چەپڕەوەکان ئەمەیان کردە بەڵگەی ئەوەی کە دیموکراسی تەنیا گەمەیەکی دەستی ئیمپریالیزمی ئەمریکییە

ڕووخانی ڕژێمەکەی حوسنی موبارەک لە ساڵی ٢٠١١، لە نێو خۆپیشاندانە گەورەکاندا، ئومێدی بووژاندەوە بە بڵاوکردنەوەی دیموکراسیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵام هەر زوو بە زوو ئەم کەفوکوڵە گۆڕا بۆ نائومێدی

**بنیادنانی دامەزراوەی پێویست بۆ پاراستنی دیموکراسی بە راستی کارێکی بێ ئەندازە سست و خاوە، ئەمەش ئەو بیرۆکەیەی رەتکردەوە کە رۆژگارێک باو بوو بەوەی دوای چاندنی تۆوی دیموکراسی، ئەوا بە خێرایی و بە شێوەیەکی خۆڕسک گەشە دەکات**

**لەم ساڵانەی دواییدا، ئەو دامەزراوانەی ئەرکیان دەستەبەرکردنی مۆدێلێک بوو بۆ دیموکراسیەتە نوێیەکان، بوونەتە دامەزراوەی کۆن و ناکارا لە سیستمە بەرقەرارەکاندا. ئێستا ئەمریکا بۆتە هاووڵاتای شڵەژان**

**ئێستا لە سیاسەتی ئەمریکادا دەنگی پارە لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر بڵندترە. بە هەزاران گرووپی فشار (زیاتر لە ٢٠ گرووپێک بۆ ئەندامێکی کۆنگرێس) بوونەتە هۆی دووردرێژی و ئاڵۆزیی یاساکان**

لە کۆمەڵی ئیخوان موسلمین زیندانی کران و سەدان خۆپیشاندەر کوژران. و لەپاڵ شەڕی سوریا و پشێوی یەمەندا، ئومێد بە بەهاری عەرەبی بەوەی سەربکێشێت بۆ گەشەکردنی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گۆڕا بە نائومێدی.

لە هەمان کاتدا پرشنگی هەندێ لە کەسانی نوێی نێو کامپی دیموکراسی خامۆش بوو. لە دوای گرتنەبەری دیموکراسی لە باشووری ئەفریقیاش لە ساڵی ١٩٩٤ەوە ئەو وڵاتە لەلایەن هەمان حزبەوە حوکمڕانی دەکرێت، حزبی کۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقی، کە وردە وردە بەرەو خزمەتکردنی خودی خۆی هەنگاوی هەڵگرت. تورکیاش کە پێدەچوو ئیسلامی میانڕەو و گەشەکردن و دیموکراسی پێکەوە کۆکردبێتەوە، دادەخزێت بەرەو گەندەڵی و تاکڕەوی. لە بەنگلادیش و تایلاند و کەمبودیا، حزبە بەرهەڵستکارەکانی بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەیان کرد، یان دەرئەنجامەکانیان رەتکردەوە.

هەموو ئەمانە ئەوەیان خستەڕوو کە بنیادنانی دامەزراوەی پێویست بۆ پاراستنی دیموکراسی بە راستی کارێکی بێ ئەندازە سست و خاوە، ئەمەش ئەو بیرۆکەیەی رەتکردەوە کە رۆژگارێك باو بوو بەوەی دوای چاندنی تۆوی دیموکراسی، ئەوا بە خێرایی و بە شێوەیەکی خۆڕسك گەشە دەکات. لەگەڵ ئەوەی دەکرێت دیموکراسی «تەمووحێکی جیهانی» بێت، هەروەك ئەوەی بوش و تونی بلێر پێداگرییان لەسەر دەکرد، ئەوا مومارەسەیەکە کە ریشەیەکی کەلتووری هەیە. ماوەیەکی زۆرە سەرجەم وڵاتانی رۆژئاوا مافی دەنگدانیان دەستەبەر کردووە، دوای ئەوەی سیستمێکی سیاسیی پێشکەوتوویان دامەزراند، هاوشان بە خزمەتگوزاری بەهێزی مەدەنی و مافی دەستووریی تۆکمە، ئەمەش لەو کۆمەڵگەیانەی کە شانازی دەکەن بە چەمکەکانی مافە تاکەکەسییەکان و دەسەڵاتی دادپەروەریی سەربەخۆوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەم ساڵانەی دواییدا، ئەو دامەزراوانەی ئەرکیان دەستەبەرکردنی مۆدێلێك بوو بۆ دیموکراسیەتە نوێیەکان، بوونەتە دامەزراوەی کۆن و ناکارا لە سیستمە بەرقەرارەکاندا. ئێستا ئەمریکا بۆتە هاووڵاتای شڵەژان و گەیشتۆتە خاڵێکی یەکلاکەرەوە، بە ئاستێك دوو جار گەیشتە لێواری دەستەوەستان بوون لە دانەوەی قەرزەکان لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا. هەروەها دیموکراسیەتەکەی لە رێی ساختەکارییەوە خەوشدار بووە. ئەوەتا کار لەسەر دارشتنی بازنەکانی هەڵبژاردنەکان دەکرێت لە پێناوی چەسپاندنی هێزی خاوەن پۆست و پایەکان، ئەمەش هانی توندڕەوی دەدات، لەبەر ئەوەی سیاسەتمەدارەکان دەبێت تەنیا تانە لە کەسە متمانەدارەکان بدەن و لە لە رووی واقیعییەوە لە ژمارەیەکی زۆری دەنگدەر بێبەش دەبن. ئێستا لە سیاسەتی ئەمریکادا دەنگی پارە لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر بڵندترە. بە هەزاران گرووپی فشار (زیاتر لە ٢٠ گرووپێك بۆ ئەندامێکی کۆنگرێس) بوونەتە هۆی دووردرێژی و ئاڵۆزیی یاساکان، ئەمەش باشترە لە خۆدزینەوە لە ئیمتیازە تایبەتییەکان. هەموو ئەمانە ئەو تێڕوانینە دەخوڵقێنن کە دیموکراسیەتی ئەمریکا بۆ فرۆشتن خراوەتەڕوو و دەوڵەمەندەکان توانایەکی زیاتریان هەیە لە هەژارەکان، تەنانەت ئەو کاتەش کە لۆبی و کۆمەکبەخشەکان پێداگیری دەکەن لەسەر ئەوەی کە خەرجکردنی سیاسی پیادەکردنی ئازادی رادەبڕینە. دەرئەنجامەکەش ئەوەیە کە وێنەی ئەمریکا-و بەو پێیە خودی دیموکراسی- گورزێکی مەترسیداری بەرکەوتووە.

هەروەها یەکێتیی ئەورووپاش بە نموونەی دیموکراسی هەژمار ناکرێت. لە ساڵی ١٩٩٩داو بە راددەیەکی گەورە لەلایەن کەسانی تەکنۆکراتەکانەوە بڕیاری بەکارهێنانی یۆرۆ درا. تەنیا دوو دەوڵەت، دانیمارك و سوید، راپرسییان لەبارەی ئەم بابەتەوە کرد، کە هەردووکیان وەڵامەکەیان «نەخێر» بوو. بە هەمان شێوە دەستهەڵگیرا لە هەوڵەکانی بەدەستهێنانی پشتیوانی جەماوەری بۆ رێککەوتنامەی لشبۆنە، کە دەسەڵاتی برۆکسلی بەهێز کرد، ئەویش کاتێك خەڵکی بە شێوازێکی هەڵە دەستیان بە دەنگدان کرد. لە تاریکترین رۆژگارەکانی قەیرانی یۆرۆدا، نوخبەی ئەورووپی، ئیتاڵیا و یۆنانیان ناچار کرد سەرکردەکانیان-کە بە شێوەیەکی دیموکراتی هەڵبژێردرابوون- بگۆڕن بە کەسانی تەکنۆکرات. پەرلەمانی ئەورووپی، هەوڵێکی شکستخواردووە بۆ چاککردنەوەی دەستەوەستانی ئەورووپای دیموکراتی، کە پشتگوێ دەخرێت و سووك سەرنج دەدرێت. یەکێتیی ئەورووپا بۆتە خاکێکی بە پیت بۆ حزبە پۆپۆلیستییەکان، وەك پارتی ئازادی لە هۆڵەندا بە سەرکردایەتیی خیرت فیلدرز و بەرەی نیشتمانی بە سەرکردایەتیی مارین لوبان لە فەرەنسا، کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەرگری لە کەسانی ئاسایی دەکات دژی نوخبەیەکی لوتبەرز و ناکارا. بەرەبەیانی زێڕینیش لە یۆنان توانای دیموکراسییەکانی بۆ

بەرگەگرتنی حزبە نازییەکان ئەزموون دەکات. کە پرۆژەیەکە بۆ رامکردنی دێوەزمەی پۆپۆلیستی ئەوروپی لە بری ئەوەی جارێکی دیکە ژیانی پێ ببەخشێتەوە.

دیموکراسی لە مەڵبەندی خۆیدا بە شێوەیەکی ئاشکرا بەدەست کێشەی بونیادی مەترسیدارەوە دەناڵێنێت، نەك بەدەست کۆمەڵێك نەخۆشیی لێکدابڕاوەوە. لە دەستپێکی رۆژگاری دیموکراسیەتی نوێوە لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەدا، دیموکراسیەتەکان لە رێی دەوڵەتی نەتەوەیی و پەرلەمانە نیشتمانییەکانەوە گوزارشتیان لە خۆیان کرد. کاتێکیش خەڵکی نوێنەرەکانیان هەڵدەبژێرن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو باسکی دەسەڵاتی نیشتمانی سنووردار دەکەن. بەڵام لە ئێستادا ئەم رێوشوێنە لە خوارەوەڕا و لە سەرەوەڕا روبەڕووی هێرش بۆتەوە.

لە سەرەوەڕا، جیهانگەرایی بە ئەندازەیەکی قووڵ سیاسەتی نیشتمانی گۆڕیوە. لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر سیاسەتمەدارە نیشتمانییەکان خۆیان رادەست کردەوە، بۆ نموونە لە پرسەکانی پەیوەست بە بازرگانی و تەوژمە داراییەکان بۆ نێو بازاڕی جیهانی و دامەزراوە سەروونەتەوەییەکانەوە خۆیان لە دۆخێکدا دەبیننەوە کە ناتوانن ئەو بەڵێنانە جێبەجێ بکەن کە بە دەنگدەرەکانیان داوە. رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەك سندوقی نێودەوڵەتیی دراو و رێکخراوی بازرگانیی جیهانی و یەکێتیی ئەوروپا دەستڕۆیشتوویی خۆیان بەرفراوان کردووە. لۆژیکێکی قەناعەتپێهێنەر هەیە بۆ ئەمە: چۆن تەنیا دەوڵەتێك دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی وەك گۆڕانی کەشوهەوا و خۆدزینەوە لە باج بکات؟ هەروەها سیاسەتمەداران وەڵامدانەوەیان هەبوو بۆ جیهانگەرایی لە رێی سنووردارکردنی دەسەڵاتی تەقدیری خۆیان و پێدانی دەسەڵات بە کەسانی تەکنۆکرات- کە هەڵنەبژێردراون- لە هەندێ شوێندا. بۆ نموونە، ژمارەی بانکە مەرکەزییە سەربەخۆکان لەساڵی ١٩٨٠دا لە ٢٠ دەوڵەتەوە بۆتە زیاتر لە ١٦٠ دەوڵەت لە ئێستادا.

لە ئاستی خوارەوەش، تەحەددیەکان بە هەمان ئاست بەهێزن: هەندێ دەوڵەت هەن ئەگەری ئەوە هەیە جیابونەوە تێیاندا رووبدات، وەك کەتالۆنیی و سکۆتلەندییەکان، لە ولایەتە هیندییەکان، لە حاکمەکانی شارە ئەمریکییەکان. هەموویان دەیانەوێت دەسەڵات لە حکومەتە نیشتمانییەکان وەربگرنەوە. هەروەها کۆمەڵێك هەن، کە مویسیس نەعیم، لە دامەزراوەی کارنیگی بۆ ئاشتی نێودەوڵەتی، پێیان دەڵێت «هێزە بچووکەکان»، وەك رێکخراوە ناحکومییەکان و گرووپەکانی فشار، کە سیاسەتە تەقلیدییەکان پەکدەخەن و کارێك دەکەن ژیان سەختتر بێت بۆ سەرکردە دیموکراتییەکان و تاکڕەوەکان بە هەمان ئەندازە. هەروەها ئەنتەرنێتیش کاری رێکخستنی ئاسان کردووە، لە جیهانێکدا کە خەڵکی دەتوانن هەموو هەفتەیەك بەشداری لە دەنگدانی پەیوەست بەو بەرنامە واقیعییانەوە بکەن کە لە تەلەفزیۆنەکانەوە پەخش دەکرێن، یان پشتیوانیکردن لە داواکارییەك بە کلیککردنێك. کەواتە پێدەچێت میکانیزم و دامەزراوەکانی دیموکراتییەتی پەرلەمانی، کە هەر چەند ساڵ جارێك هەڵبژاردنیان تێدا ئەنجام دەدرێت، بە شێوەیەکی روو لە زیاد بەسەربچن. دۆغلاس کارسویل، ئەندامی پەرلەمانی بەریتانی، سیاسەتی تەقلیدی دەشوبهێنێت بە HMV، کە زنجیرەیەك لە شوێنی فرۆشتنی (سی دی)یە لە بەریتانیا، کە بازاڕی داخزاوە لە جیهانێکدا کە خەڵکی راهاتوون لەسەر داواکردنی ئەو مۆسیقایەی دەیانەوێت لە رێی Spotify.

لەگەڵ کۆتاییهاتنی پلانی هاندان لە دوای قەیرانەکەوە، پێویستە سیاسیەکان رووبەڕووی ئەو ئاڵوگۆڕە دژوارانە ببنەوە کە لە ماوەی ساڵانی گەشەی بەردەوام و قەرزکردنی ئاسانەوە خۆیان لێ بە دوور گرتبوو. بەڵام دەرکەوت کە قەناعەتپێهێنانی دەنگدەران بۆ خۆگونجاندن لە گەڵ رۆژگاری نوێی رێوشوێنە توندەکانی دارایی لە سندوقەکانی دەنگداندا جەماوەریان بەدەست نەهێنا. گەشەکردنی سست و بودجە بەرتەسکەکان سەردەکێشن بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکی کە گرووپەکانی بەرژەوەندی ململانێ دەکەن لەسەر سەرچاوە سنووردارەکان. ئەوەی قورەکەی خەستتر کردۆتەوە، ئەوەیە ئەم ململانێیە لەگەڵ بەساڵاچوونی دانیشتووانی رۆژئاوادا روودەدات. هەمیشە بەساڵاچووان باشتر لە گەنجەکان دەنگیان خۆیان دەگەیاندو بە ژمارەیەکی زیاتر دەنگیان دەدا و گرووپی فشاریان رێکدەخست وەك گرووپی بەهێزی ئەمریکی AARP. بەو پێیە ژمارەی رەها بەدەست دەهێنن. کەواتە لە ئێستادا دیموکراتییەکان رووبەڕووی جەنگێك دەبنەوە لەنێوان رابردوو و ئایندەدا، لە نێوان ئەو شایستەییانەی بۆیان ماوەتەوە و ئەو وەبەرهێنانەی دەبێت لە داهاتوودا بیکەن.

**یەکێتیی ئەوروپاش بە نموونەی دیموکراسی هەژمار ناکرێت. لە ساڵی ١٩٩٩داو بە رادەیەکی گەورە لەلایەن کەسانی تەکنۆکراتەکانەوە بڕیاری بەکارهێنانی یۆرۆ درا. تەنیا دوو دەوڵەت، دانیمارک و سوید، راپرسییان لەبارەی ئەم بابەتەوە کرد، کە هەردووکیان وەڵامەکەیان «نەخێر» بوو**

**یەکێتیی ئەوروپا بۆتە خاکێکی بە پیت بۆ حزبە پۆپۆلیستییەکان، وەک پارتی ئازادی لە هۆڵەندا بە سەرکردایەتیی خیرت فیلدزر و بەرەی نیشتمانی بە سەرکردایەتیی مارین لوبان لە فەڕەنسا، کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەرگری لە کەسانی ئاسایی دەکا،ت دژی نوخبەیەکی لوتبەرز و ناکارا**

**هەندێ دەوڵەت هەن ئەگەری ئەوە هەیە جیابوونەوە تێیاندا رووبدات، وەک کەتالۆنیی و سکۆتلەندییەکان، لە ولایەتە هیندییەکان، لە حاکمەکانی شارە ئەمریکییەکان. هەموویان دەیانەوێت دەسەڵات لە حکومەتە نیشتمانییەکان وەربگرنەوە**

# بەرەو حکومەتێکی هۆشمەند و کوردستانێکی بەهێز

ئەگەر ئامانجی زانستی سیاسەت خێری مرۆڤ بێت، هەروەك ئەرستۆی فەیلەسوف دەیڵێت، ئەوا ئامانج لە پێکهێنانی هەر حکومەتێك خزمەتی هاووڵاتیان و چاککردنی بژێویان دەبێت، وەك هەموو گەلانی پێشکەوتووی جیهان، ئەمە هەمووی نایەتەدی مەگەر لەسایەی حکومەتێکی بەهێزو بەتواناو شەفافی مەدەنی و نیشتمانی.
دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و راگەیاندنی ئەنجامەکان، پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی بەدەستهێنا کە ٤٥ کورسییە، بۆیە مافی خۆیەتی بەپێی یاسا حکومەت پێکبهێنێت، پارتیش بەڕێز مسرور بارزانی راسپارد بۆ پێکهێنانی حکومەت، هەروەها بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کاندید کرا، ئەوەی پەیوەستە بە سەرۆك بارزانی، ئەو هەر بە مەرجەعی سیاسیی گەلی کوردستان دەمێنێتەوە، پێشتر حکومەت بەپێی ئارەزووی حزبەکان و هەندێ کەسایەتیی سیاسی پێکدەهێنرا، بەپێی خواستی هاووڵاتیان نەبووە، بۆیە سەرۆك وەزیران نەیدەتوانی پرۆژە ستراتیژییەکان ئەنجام بدات، چونکە ئەو تیمەی کاری لەگەڵدا دەکرد، بەپێی خواستی ئەو نەبووە، بەڵکو بەو جۆرە بووە کە حزبەکان دەیانویست، ئەمەش کەموکوڕییەکی گەورە بوو لە سیاقی پێکهێنانی حکومەتدا، ئەمجارە پێویستە حکومەتێك پێکبێت کە دروشمەکەی یەکەم شت هاووڵاتی بێت، من شەست پێشنیارم نووسیوە بۆ پێکهێنانی حکومەتی تازەی داهاتوو، کە لە شێوەی خاڵدان، رەنگە چەند خاڵێکی گرنگم لەبیرچووبێت، بەڵام قابیلی گفتوگۆو لێکۆڵینەوەیە، بۆیە بە پێویستم زانی بڵاوبکرێنەوە، تاکو سوودی بۆ ئەو کەسە هەبێت کە دامەزراوەکانی سەر بەو حکومەتە پێکدەهێنێت. پێش خستنەڕووی پێشنیارەکان پێویستە فۆکس لەسەر دوو خاڵ بکەین، یەکەم: ناکرێ هەرێم بێ سەرۆك بێت، بۆیە پێشنیار دەکەم کاتێك رابگەیەندرێت بۆ هەڵبژاردنێکی خێرای سەرۆکایەتیی هەرێم دوای پێکهێنانی حکومەت و لە ماوەی شەش مانگدا، یان زیاتر، ئەمەش هێزی یاسایی و شەرعی دەداتە دامەزراوەکانمان، کاتێ هەرێم سەرۆکی هەبوو، بەهێز بوو، بەتایبەتی کە سەرۆکی نەتەوەو سەرکردەی گەل بەڕێوەی دەبرد، ئەویش سەرۆك مسعود بارزانی بوو. خاڵی دووەم: هەڵەیەکی گەورەمان کرد کاتێ دەرفەتمان دایە هەندێ حزبی تازە کە تێبینی دەربارەی دەستووری کوردستان بخەنەڕوو، بۆیە پێویستە ئەم خولە خەمی بنەڕەتیی ئەوە بێت دەستوور بنووسێتەوە، ئەمانەش پێشنیارەکانمانن:

١- پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێزو کارامەی نیشتمانی، سەرۆکی راسپێردراو داوا لە کوتلە سیاسییەکان بکات هەر یەکەیان پێنج بەربژێر و سێلڤییەکانیان پێشکەش بکەن، ئەویش ئازاد دەبێت کامەیان بە چاك دەزانێ تا هەڵیبژێرێت.

٢- کارکردن لەنێو حکومەت وەك تیمێك و دروشمی هەموانیش: یاسا لە سەرووی هەموو شتێکەوە بێت، دادپەروەریش بۆ هەموان، پێویستە لێپێچینەوە بکرێت لە هەر سەرپێچیکارێك، لێرەدا رۆڵی داواکاری گشتی کارابکرێتەوە، تاکو ئەو پاشاگەردانییە نەمێنێت، لە فەیلەسووفی فەرەنسی فرۆنسوا کینایان پرسی: ئەگەر پاشا بیت، چی دەکەیت؟ گوتی: هیچ ناکەم، دیسان پرسیان، ئەدی کێ حوکمڕانی بکات؟ گوتی: یاسا، هەروەها پابەند بین بە پرەنسیپی دادپەروەری وەك بەهایەکی مرۆیی.

**پێشتر حکومەت بەپێی ئارەزووی حزبەکان و هەندێ کەسایەتیی سیاسی پێکدەهێنرا، بەپێی خواستی هاووڵاتیان نەبووە، بۆیە سەرۆک وەزیران نەیدەتوانی پرۆژە ستراتیژییەکان ئەنجام بدات**



د.عەرەفات کەرەم ستونی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

٣- جیاکردنەوەی نێوان هەر سێ دەسەڵات، یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری.

٤- بەشدارپێکردنی کەمایەتییەکان لە حکومەتدا تاکو هەست بە ئینتیما بۆ نیشتمان بکەن.

٥- بەشدارپێکردنی ئافرەت لە حکومەتدا بەپێی ئەو نۆرم و پێوانانەی ئاماژەمان پێکردن، ئافرەت ژیانە، ناکرێ حکومەت بێ ژیان پێکبهێنرێت.

٦- دامەزراندنی کەناڵێکی راگەیاندن تایبەت بە حکومەت، گرنگیی بدات بە هەموو چالاکییەکانی حکومەت بە زمانی کوردی و عەرەبی و چەند سەعاتێکیش بۆ زمانەکانی دیکەی کوردستان تەرخان بکرێت.

٧- خانەنشینکردنی ئەوانەی ماوەیەکی زۆرە لە پۆستەکاندان.

٨- گۆڕینی ئەو کەسەی زیاتر لە ٨ ساڵە لە پۆستەکەیدایە، ئەگەر بەتوانایە پلەکەی بەرزبکرێتەوە، ئەگەرنا، خانەنشین بکرێت.، ئەم بڕیارە هەموو بەرپرسانی حکومەت بگرێتەوە.

٩- هەر کەسێك لە گەندەڵیدا تێوەگلابێت، بدرێتە دادگا، تاکو ببێتە پەند بۆ کەسانی دیکەی دوای ئەو.

١٠- گۆڕانکاریی سەرتاسەری بێت لە وەزیرەکان و ئەوانەی خوارتر، تاکو بتوانین حکومەتێکی بەهێزی دەستپاك لە کەسانی تازە بۆ خزمەتی هاووڵاتییان پێکبهێنین.

١١- سوودوەرگرتن لە بەرپرسانی سەرکەوتوو و بەتوانا و دەستپاك کە شارەزاییان هەبێت لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان، نابێ حکومەت خاڵی بێت لە خاوەن ئەزموون و شارەزایی زۆر.

١٢- مۆڵەتی سەد رۆژ بدرێت بە هەر وەزیرێك تاکو سەرکەوتن و توانای خۆی بسەلمێنێت، ئەگەرنا بەپێی یاسا بگۆڕدرێت.

١٣- هەر وەزیرێك بەرنامەی وەزارەتەکەی بخاتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران و دەشکرێت بخرێتە بەردەم پەرلەمان، ئەمەش لە رووی شەفافییەتی کارکردنە.

١٤- کاراکردنی رۆڵی چاودێریی پەرلەمان لە رووی میوانداریکردن و لێپرسینەوە و بەدواداچوونی خەمەکانی خەڵك و سزادانی بەرپرسانی سەرپێچیکار.

١٥- کاراکردنی رۆڵی دەسەڵاتی چوارەم کە بریتییە لە میدیا کە دۆسێیەکانی گەندەڵی و ریسواکردنی گەندەڵکاران ئاشکرادەکات، لەسەر میدیاش پێویستە هەڕەشە لە بەرژەوەندیی ئاسایشی نیشتمانی لە کوردستان نەکات، کە ئەمەش هێڵی سوورە.

**هەڵەیەکی گەورەمان کرد کاتێ دەرفەتمان دایە هەندێ حزبی تازە کە تێبینی دەربارەی دەستووری کوردستان بخەنەڕوو، بۆیە پێویستە ئەم خولە خەمی بنەڕەتیی ئەوە بێت دەستوور بنووسێتەوە**

١٦- تەرکیزکردن لەسەر مەینەتییەکانی لاوان کە بڕبڕەی هەر کۆمەڵگەیەکن، چونکە لەشکرێك لە دەرچووان و بێکاران هەن، ئەوان دەبنە هەڕەشە ئەگەر بە هەندێ فیکری توندڕەو کاریگەر بن، دەکرێت بخرێنە ئیشەوەو لەم قۆناخە هەستیارەدا یارمەتی بدرێن.

١٧- کۆتاییهێنان بە رۆتین لە فەرمانگەکانی حکومەتدا، کە دەردێکی کوشندەیە، هەوڵیش بدرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی ئەلیکترۆنیی کارا بۆ خزمەتی هاووڵاتیان، بەتایبەتیش کە هاتوچۆ لەنێوان شارو شارۆچکەکان و گوندەکان زەحمەتە.

١٨- شەفافییەت لە کارەکانی حکومەتدا، بەشێوەیەك کە هاووڵاتی ئاگاداری پرۆژەکانی

**بەشداریپێکردنی ئافرەت لە حکومەتدا بەپێی ئەو نۆرم و پێوانانەی ئاماژەمان پێکردن، ئافرەت ژیانە، ناکرێ حکومەت بێ ژیان پێکبهێنرێت**

**گۆڕانکاریی سەرتاسەری بێت لە وەزیرەکان و ئەوانەی خوارتر، تاکو بتوانین حکومەتێکی بەهێزی دەستپاك لە کەسانی تازە بۆ خزمەتی هاووڵاتییان پێکبهێنین**

**کاراکردنی ڕۆڵی دەسەڵاتی چوارەم کە بریتییە لە میدیا کە دۆسییەکانی گەندەڵی و ڕیسواکردنی گەندەڵکاران ئاشکرادەکات، لەسەر میدیاش پێویستە هەڕەشە لە بەرژەوەندیی ئاسایشی نیشتمانی لە کوردستان نەکات، کە ئەمەش هێڵی سوورە**

حکومەت بێت، چونکە لە ئاشکراکردنی گەندەڵی و کەمتەرخەمیدا دەتوانێت یارمەتی پەرلەمانتاران بدات.

١٩- لابردنی ئەو بەربەستەی نێوان هاووڵاتیان و بەرپرسان، پێویستە پەیوەندیی نێوانیان بەردەوام بێت، تا هاووڵاتی متمانەی بەو حکومەتە بێت، بۆی دڵسۆز بێت، ڕەنگە هەڵسوکەوتی بەرپرسێك کەسانێك بکاتە دوژمنی حکومەت، هۆی ئەمەش ئەوەیە کە ئەوەی بەرپرسەکەی بەربژێر کردووە بۆ پۆستێکی دیاریکراو لە هەڵبژاردنیدا سەرکەوتوو نەبووە، هاووڵاتی ئاسایی جیاوازی ناکات لەنێوان نیشتمان و حکومەتدا، هەر کە ڕقی لە بەرپرسێك بووەوە ڕقی لە نیشتمانیش دەبێتەوە.

٢٠- لەسەر سەرۆکی حکومەت پێویستە بە کردنی بەدواداچوون بۆ وەزیرەکان بکات، وەك سەردانی کتوپڕ بۆ وەزارەتێکی دیاریکراو، خۆی ئاگاداری کاری وەزارەتەکە بێت، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتیاندا دەکات.

٢١- دروستکردنی سندوقی سکاڵای هاووڵاتیان تاکو بەدواداچوون بۆ داواکاری و گازاندەکانیان بکرێت.

٢٢- نابێ بەرپرس بۆ ماوەیەکی زۆر خەریکی پێشوازیکردنی میوان بێت لەسەر حیسابی هاووڵاتیان، چونکە هاووڵاتی لەپێشترە، دەتوانێت لە ماڵەوە پێشوازی لە میوان بکات.

٢٣- دەستتێوەردانی حزبی ڕەتبکرێتەوە، ئەگەر بڵێن بۆ یارمەتیدانی خەڵکە ئەوە ڕاست نییە، چونکە پەرلەمانتاران نوێنەری خەڵکن و دەتوانن مەینەتییەکانیان بۆ حکومەت بگوازنەوە، دەبێ بەرپرس بێ جیاوازی لە خزمەتی سەرجەم هاووڵاتیاندا بێت.

٢٤- هەموو پۆستێك ئەرك و تەکلیفە نەك تەشریفییە، نابێت پۆست بۆ مەرامی شەخسی و حزبی بقۆزرێتەوە، بەڵکو پێویستە ئەمە بۆ خزمەتی هاووڵاتیان بێت، نابێ هیچ کەسێك بەربژێر بکرێت لەبەر ئەوەی بەرپرسی حزبییە، یان کوڕەشەهیدە، ئەگەر تواناو کارامەیی نەبوو، ئەگەر ویستمان ڕێز لە یەکێك بگرین با بە شتێکی دیکە قەرەبووی بکەینەوە، نەك بە پۆست کە توانای تێدا نەبێت.

٢٥- گرتنەبەری سیاسەتی دەستپێوەگرتن و بەهەدەرنەدانی سامانی گشتی، ئەفلاتون دەڵێت: ئەگەر ڕێزت لە سامان و دەوڵەمەندان گرت لە هەر دەوڵەتێکدا، ڕێزگرتنی بەهاو بەهادارانی تێدا کەم دەبێتەوە، دیارە ئێمەش لە قەیرانێکی سەختداین، تاکو بتوانین ئەو بۆشایی و کەموکورتییانە لە دامەزراوەکانماندا نەهێڵین.

٢٦- پێویستە بەرپرسان پێشەنگی گەل بن لە دەستپاکی و دڵسۆزی و بێفیزی و پاکوخاوێنی و ڕۆشنبیری و مامەڵەکردنی شارستانییانە.

٢٧- پێویستە بەرپرسان بەهێزبن لە دروستکردنی بڕیارو جێبەجێکردندا، هەروەها لە لێپێچینەوە لە گەندەڵکارو کەمتەرخەمان، دەبێ توندیش بن لەگەڵ ئەوانەی بەرامبەر مافی هاووڵاتیان کەمتەرخەمن.

٢٨- پێویستە سەرۆك وەزیران پاداشتی بەرپرسی سەرکەوتوو بکات، هەروەها سزای شکستخواردوو و گەندەڵان بدات، چونکە پاداشتکردن ڕکابەریی بەهێزدەکات، سزادانیش بەر بە گەندەڵکار دەگرێت، ئەگەر وەزیر گەندەڵ بوو، ئەوا هەموو وەزارەتەکەش دەبێتە سەرچاوەی گەندەڵی و گەندەڵکاران.

٢٩- دەبێت کاری دروستکردنی دامەزراوەکانی حکومەت وەك قوتابخانەو نەخۆشخانەو مزگەوت و شوێنی دیکە لە وەزارەتی پەیوەندیدار دووربخرێتەوە، چونکە ئەمە دەبێتە هۆکاری بڵاوبوونەوەی گەندەڵی، بەڵکو دەبێت بدرێتە لایەنی پەیوەندیدار.

٣٠- نابێ وەزارەت و بازرگانی بەیەکەوە بن، عومەری کوڕی عەبدولعەزیز گوتوویەتی: بازرگانیی والییەکان گەندەڵکەرە، بۆ خەڵکەکەش هیلاکبەرە.

٣١- دامەزراندن لە دەسەڵاتی وەزیردا نییە، بۆیە کاتێ وەزیرێك دێت لەشکرێك فەرمانبەری حزبەکەی یان، خزم و دۆستانی دادەمەزرێنێت، وەزارەت پڕ دەبێ لە فەرمانبەر جگە لە بندیوار، بەڵکو پێویستە لایەنێك پێکبێت بۆ دیراسەکردنی پێداویستیی هەر وەزارەتێك لە فەرمانبەران بە سەرپەرشتیی سەرۆکی حکومەت.

٣٢- پێویستە حکومەت ئەو کۆمپانیایانەی کە لە کوردستان کاردەکەن (دەرەکی و ناوخۆیی) ناچار بکات فەرمانبەرانی حکومەت بگوازنەوە سەر میلاکی خۆیان، تاکو بارگرانیی سەر شانی حکومەت سووك بکرێت.

٣٣- تێکەڵکردنی هەندێ لە وەزارەتەکان، وەك پابەندبوونێك بە سیاسەتی دەستپێوەگرتن

و دووركەوتنەوە لە حەزو مەرامی حزبەكان و هەندێ كەسایەتی، پێشتر بۆ رازیكردنی حزبێكی دیاریكراو، یان كەسێك وەزارەتێك پێكدەهات.

٣٤- داخستنی زۆربەی رێكخراوو دامەزراوو ناوەندو یانە ناحكوومییەكان كە هیچیان پێشكەش بە كۆمەڵگە و حكومەت نەكردووە، ئەمانە شوێنی پشوودان و بەهەدەردانی كات و شوێن و سامانن.

٣٥- فرۆشتنی هەموو ئۆتۆمبێلە حكوومییەكان وەك پاڵپشتێك بۆ ئابووریی وڵات، تەنیا ئۆتۆمبێلی وەزیرەكان بمێنن، ئەوانی دیكە دەكرێ بە قیست لە كۆمپانیاكان بكڕدرێن، ئەمەش بۆ لەناوبردنی گەندەڵییەكی زۆری ئەم لایەنە، چونكە ئۆتۆمبێلەكان بۆ مەرامی شەخسی و حزبی بەكاردەهێنرێن.

٣٦- كۆتاییهێنان بە بەكرێگرتنی بینایە بۆ دامەزراوە حكوومییەكان، چونكە لەم بوارەدا گەندەڵییەكی زۆر دەكرێت، دەتوانرێت بەو پارەیەی كرێ، بینای زۆر دروست بكرێت.

٣٧- جەختكردن لەسەر هەردوو بواری پەروەردەو خوێندن، ئێمە لە قەیرانێكی سەختداین، هەر وەزیرێك دێت ئەوەی كە پێش خۆی بیناكرابوو تێكی دەدات، پێویستە ئەمانە بەدامەزراوەیی بكرێن، تاكو وەزیر نەتوانێت پرەنسیپەكانی دامەزراوەكە بگۆڕێت، سەرۆكی سەنگافورە (لی كوان یو) Lee Kuan Yew یەكەم شت كە كردی، دوای ئەوەی كە وڵاتەكەی لە مالیزیا جیابۆوە لە ساڵی ١٩٦٥، لە پەروەردەوە دەستیپێكرد، ئەو كاتە سەنگافورە كاول و وێرانە بوو.

٣٨- چارەسەركردنی كێشەی زانكۆو كۆلێژ و پەیمانگەكان و قوتابخانە ئەهلییەكان، چونكە ئاستەكە دابەزیوە، قوتابی دەردەچێت ئەو زمانە نازانێت كە خوێندوویەتی، بەتایبەتیش ئینگلیزی و عەرەبی.

٣٩- گرنگیدانی زیاتر بە دامەزراوە فیكرییەكان، بەتایبەتیش پەیوەست بە ئایینەوە، بۆ رووبەڕووبوونەوەی فیكری تەكفیری، دامەزراوەیەكی ئایینی هەیە كە وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئاینییە، بەڵام لەوەتەی دامەزراوە یەكێك نەبۆتە وەزیر كە دەستی باڵای لە زانستە ئیسلامییەكاندا هەبێت، بەڵكو بۆ رازیكردنی حزب و هەندێ كەسایەتی دەدرا، تائێستاش هیچ گۆڤارێكی فیكری و فەلسەفی و مەعریفی دەرنەكردووە، یان گۆڤارێكی ئایینی فیكریی زانستی، تەنیا وەزارەتێكی ئیدارییە بایەخ بە لایەنی ئیداری و میدیایی و سەردانی بەرپرسان دەدات، دامەزراوەیەكی دێرینە، بەڵام لە ئاستی پێویستدا نییە بۆ بەرهەڵستیكردنی تەحەددییەكانی ئایینی و فیكری و فەلسەفی، لەئێستادا لەنێو پاشاگەردانییەكی زۆری بڵاوبوونەوەی كتێبی تەكفیری و بانگخوازانی پەڕگیرو توندڕۆداین، كۆلێژەكان بەدەست كەسانێكەوەن كە پسپۆڕ نین و رەنگە بەهۆی ئەو نەزانییەوە كارەسات رووبدات، دواتر قسەكەی فەیلەسوفی ئەڵمانی ماكس فایبەر Max Weber بێتەدی: كاتێ كاریزمای ئایینی لە رژێمی سیاسی بەهێزتر دەبێت، پێویستە دامەزراوە ئایینی و فیكرییەكانمان تازەبكەینەوە بۆ رێكردن لەگەڵ پەرەسەندن و پێشهاتە بەردەوامەكان، لەگەڵ رەچاوكردنی واقیعی كوردستان بە فرەیی ئایینی و تائیفی و مەزهەبی و نەتەوەیی و حزبی و كەلتووری.

٤٠- یەكخستنی پێشمەرگە و دوورخستنەوەی دەستتێوەردانی حزبی و چاككردنی گوزەرانیان تاكو لەو پەرتەوازییە حزبییەی دروستبووە، رزگار بین.

٤١- چارەسەركردنی كێشەی بڕینی مووچەی فەرمانبەران و قەرەبووكردنەوەیان، بەتایبەتیش دوای چاكبوونەوەی پەیوەندییەكان لەگەڵ بەغدادا و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و لەناوبردنی داعش.

٤٢- فەراهەمكردنی ئازادیی هاووڵاتیان لە (بیركردنەوە و گواستنەوەو موڵكداری و نیشتەجێبوون).

٤٣- گەڕاندنەوەی ژیان بۆ گوندەكان لەمیانی بەرنامەیەكی حكوومی، وەك پاڵپشتێك بۆ لایەنی كشتوكاڵی و ئاژەڵداری تاكو ئەوەندە پشت بە سامانی نەوت نەبەستین كە بە درێژایی مێژوو هۆكاری نەگبەتیمان بووە، لە هەندێ دەوڵەتی پێشكەوتووش مایەی بەختەوەرییانە.

٤٤- گرنگیدان بە هونەرو سینەمای كوردی و دراماو گۆرانیی كلاسیكی و میوزیك و فۆلكلۆرو هەموو ئەو بەرنامانەی گیانی ئینتیما بۆ نیشتمان و مێژوو خەبات و شۆڕش دەبووژێنێتەوە، لەباتی سەرسامبوون بە كەلتووری بیانی كە هەندێكیان لەگەڵ كۆمەڵگەی ئێمەدا ناگونجێن، تا ئەو رادەیەی هەندێ لە لاوانمان وا دەزانن ئێمە هیچ شك نابەین.

**لەسەر سەرۆكی حكومەت پێویستە بە كردەنی بەدواداچوون بۆ وەزیرەكان بكات، وەک سەردانی كتوپڕ بۆ وەزارەتێكی دیاریكراو، خۆی ئاگاداری كاری وەزارەتەكە بێت، كە چۆن مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتیاندا دەكات**

**نابێ بەرپرس بۆ ماوەیەكی زۆر خەریكی پێشوازیكردنی میوان بێت لەسەر حیسابی هاووڵاتیان، چونكە هاووڵاتی لەپێشترە، دەتوانێت لە ماڵەوە پێشوازی لە میوان بكات**

**نابێ هیچ كەسێك بەربژێر بكرێت لەبەر ئەوەی بەرپرسی حزبییە، یان كوڕەشەهیدە، ئەگەر تواناو كارامەیی نەبوو، ئەگەر ویستمان رێز لە یەكێك بگرین با بە شتێكی دیكە قەرەبووی بكەینەوە، نەک بە پۆست كە توانای تێدا نەبێت**

٤٥- نەهێشتنی پاشاگەردانی و بێسەروبەریی بڵاوبوونەوەی کتێب و نامەو گۆڤاری بازرگانی کە ناوبانگی زانست و فیکرو مەعریفەیان شێواندووە، چاکترین نموونەش بڵاوبوونەوەی وەرگێرانی بازرگانییە کە خراپ شێواوەو پێویستە ئەمانە هەموویان بەدامەزراوەیی بکرێن.

٤٦- بەجددی کاربکرێت تاکو زمانێکی فەرمیی پەتیمان هەبێت کە جوانترین رستەو وشەی تێدا بێت لە هەموو دیالێکتەکانەوە وەرگیرابێت و هەمووان تێبگەن.

٤٧- بەرهەڵستیکردنی جیاخوازی و توخمپەرستی و کلتووری رق و کینەو رەتکردنەوەو پەراوێزخستن.

٤٨- حکومەت نەچێتە ژێر باری موزایەداتی پەرلەمانتارانەوە، بەتایبەتیش لەو یاسایانەی پەیوەستن بە دارایی، بۆ ئەوەی حکومەت نەکەوێتە قەیرانی داراییەوە، خولی پێشوو شانی حکومەتی قورس کردبوو بە هۆی موزایەداتی سیاسییەوە.

٤٩- گرنگیدان بە گەشتوگوزار، کوردستان وڵاتی گەشتیارییە، لەگەڵ پابەندبوون بە نۆرمە نێودەوڵەتییەکان لەم بوارەداو سوودوەرگرتن لە شارەزایی هەندێ دەوڵەت کە گرنگیی بە بواری گەشتیاری دەدەن.

٥٠- پەیوەندییە دەرەکییەکان بە گەورەو بچووکیانەوە تەنیا بەدەست حکومەتەوە بێت، تاکو نەکەوینە نێو بێسەروبەریی پەیوەندییەکان، هەروەها دامەزراندنی دیپلۆماسییەتێکی نیشتمانیی بەهێز لە کەسایەتییە کارامەکان کە بەشێوەیەکی شارستانییانە نوێنەرایەتیی کوردستان بکەن.

٥١- نەهێشتنی بێسەروبەریی لەو نەخۆشخانەو کلینیکە زۆرانەو لە بازرگانیکردن بە ئەندامانی جەستەی مرۆڤەوە، چاودێریکردنی داودەرمان کە دێتە کوردستان و لێرەش دروست دەکرێت و دەفرۆشرێت، هەروەها مەسەلەی دابینکردنی تەندروستی بۆ زیادبکرێت، ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین خەریکە پزیشکەکان لە نەخۆشەکان زیاتر دەبن، چونکە بازرگانییەو قازانجێکی زۆری هەیە.

٥٢- کاراکردنی سیستەمی کوالیتی کۆنترۆڵ بۆ هەموو ئەو کاڵایانەی دەهێنرێنە کوردستان، چاودێریکردنی بێ سەروبەریی نرخەکان، چونکە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێك نرخەکانیان زیاترە، بۆیە پێویستە نرخەکان یەك بخرێن و جیاوازییەکانیان کەم بکرێنەوە، تاکو دادپەروەری بۆ هاووڵاتیان دەستەبەر بکرێت، بۆ ئەوەی قەناعەتیان پێ بهێندرێت کە حکومەت بەهێزەو توانای کۆنترۆڵکردنی هەیە.

لەئێستادا لەنێو پاشاگەردانییەکی زۆری بڵاوبوونەوەی کتێبی تەکفیری و بانگخوازانی پەرگیرو توندڕۆداین، کۆلیژەکان بەدەست کەسانێکەوەن کە پسپۆڕ نین و رەنگە بەهۆی ئەو نەزانییەوە کارەسات رووبدات

٥٣- نەهێشتنی بێکاری و دیاردەی بڵاوبوونەوەی چەك و ماددەی هۆشبەرو چاودێریکردنی شوێنە گومانلێکراوەکان.

٥٤- نەهێشتنی دیاردەی سواڵکردن تەنانەت لە مزگەوتەکانیشدا، بەهیچ شێوەیەکیش نەهێڵدرێت منداڵان کار بکەن، بەڵکو ناچار بکرێن بچنە بەر خوێندن، تاکو لەناو کۆمەڵگە لاسار نەبن، دواتریش نەبنە تاوانبار.

٥٥- چاککردنی رێگاوبان، چونکە گرنگترین هۆکاری رووداوەکانە، هاوکات دروستکردنی تونێل و پرد بۆ نەهێشتنی قەرەباڵغی.

٥٦- گرنگیدان بە چاندنی درەخت لە سەرتاسەری کوردستان، نەك تەنیا لە شارەکان، چونکە دەبێتە هۆی نەهێشتنی دیاردەی بەبیابانبوون.

٥٧- دروستکردنی بەنداو بە هەماهەنگی لەگەڵ بەغدا بۆ کۆگاکردنی ئاو کە پێداویستیی هەموو ژیانە.

٥٨- رێگەدان بە کۆمپانیا ناسراوەکانی ئەهلی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە کێشەی مولیدە کارەباییەکان کە نەخۆشی بڵاودەکەنەوەو زیانیش بە ژینگە دەگەیەنن، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەی ئاو و دروستکردنی رێگاوبان و تونێل لەگەڵ سەرپەشتیکردنی چڕی حکومەت بۆ دوورخستنەوەی گەندەڵی و کەمتەرخەمی.

پەیوەندییە دەرەکییەکان بە گەورەو بچووکیانەوە تەنیا بەدەست حکومەتەوە بێت، تاکو نەکەوینە نێو بێسەروبەریی پەیوەندییەکان، هەروەها دامەزراندنی دیپلۆماسییەتێکی نیشتمانیی بەهێز لە کەسایەتییە کارامەکان کە بەشێوەیەکی شارستانییانە نوێنەرایەتیی کوردستان بکەن

٥٩- رێ نەدان بە دروستکردنی مزگەوتی زۆر لەنزیك یەکدی و لە یەك شوێندا، بەمەرجێك چەند مەترێك لەیەکەوە دووربن، لەباتی ئەمە پێوستیمان بە دروستکردنی قوتابخانەو نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی هەیە.

٦٠- قەدەغەکردنی دیاردەی دامەزراندنی بەنزینخانەکان کە بەشێوەیەکی مەترسیدار بڵاوبوونەتەوە، ئەمانە پێچەوانەی سادەترین یاسان، هاوکات مەترسین بۆسەر ژیانی هاووڵاتیان، چۆن ئەمە راستە دوو بەنزینخانە دە مەتر نێوانیان بێت؟ لەگەڵ ئەوەی کە سنوورێکی یاسایی هەیە بۆ دووریی مەودای نێوان بەنزینخانەیەك لەگەڵ ئەوی دیکەدا.

# هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک بە ڕێگەی بۆرییەکانی کوردستان



د.بێوار خنسی
راوێژکاری ئاسایشی ئابووری پاراستنی هەرێمی کوردستان

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

ئەو ڕێککەوتنەی نێوان حکومەتی فیدڕاڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی هەناردەکردنی نەوتی بیرەکانی کەرکووك بە ڕێگەی بۆرییەکانی کوردستان، بە سەرکەوتنێك بۆ حکومەتی هەرێم و فاکتەرێکی گرنگ دەژمێردرێت، لەپێناو گەڕاندنەوەو کاراکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێرو بەغداو چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەردوولا. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە قۆستنەوەی ئەو دەرفەتەیە لە کاراکردنەوەو بەهێزکردنی پەیوەندی و پێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی جیهان و لە سەروویانەوە هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی.

ئەمەیان لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی جددی بدات لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵ و هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی کە ڕەوشی پارێزگای کەرکووك بگەڕێننەوە بۆ بەر لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢١٠٧ لەوانەش:

١- گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی گەل و حکومەتە خۆجێییە هەڵبژێردراوەکە بۆ پارێزگای کەرکووك و بۆ هەموو شارەکان لە خانەقینەوە بۆ شنگال کە کەوتوونەتە نێو سنووری ماددەی ١٤٠.

٢- ڕاگرتن و هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی پارێزگاری کەرکووك بە دابەشکردنی زەوی بەسەر عەرەب و داگیرکردنەوەی زەویی جووتیارانی کوردو کەمایەتییەکانی دیکەی پارێزگای کەرکووك.

**پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی جددی بدات لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی کە ڕەوشی پارێزگای کەرکوک بۆ بەر لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢١٠٧ بگەڕێننەوە**

**پێویستە جەخت لە سەر ڕاگرتن و هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی پارێزگاری کەرکوک بە دابەشکردنی زەوی بەسەر عەرەب و داگیرکردنەوەی زەویی جووتیارانی کوردو کەمایەتییەکانی دیکەی پارێزگای کەرکوک بکرێتەوە**

**قەبارەی زیانی عێراق لە ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی خاو لە کێڵگەکانی کەرکوک دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ تاکو ١٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨ بە نزیکەی ٨ ملیار دۆلار دەخەملێنرێت**

٣-گەڕاندنەوەی ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکەو بۆ دەستەبەرکردنی پرۆسەی گەڕاندنەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنی خۆیان پێش ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، هەروەها فەراهەمکردنی زەمینەی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠.

● **گرنگیی ئابووریی هەناردەکردنی نەوتی کێڵگەکانی کەرکووک**

١- لە پارێزگای کەرکووک پێنج کێڵگەی نەوت هەیە، کە بریتین لە کێڵگەکانی (بای حەسەن، بابە گوڕگوڕ، ئاڤانا، جەمبور، خەباز). ئەوانە تایبەتمەندییان هەیە لە پێکهاتەی جیۆلۆجی و کوالیتی پێکهاتەی بوونی نەوت و قووڵایی کانگاکانی نەوت و جیاوازیی ئەستووریی چینەکانی نەوت، هاوکات جیاوازیی ڕێژەی (بڕی غاز کە لەگەڵ نەوتەکەی ئەو پێنج کێڵگەیەدایە). کە تائێستا زەحمەتە قەبارەی ڕاستەقینەی یەدەگی نەوت و غاز لەو پێنج کێڵگەیە بخەملێندرێت، بەڵام قەبارەی یەدەگی نەوتی خاو لەو کێڵگانەدا هەیە لە ٩ ملیار بەرمیل کەمتر نییە، بڕی ئەو غازەی لەگەڵ نەوتەکەدایە لە نێوان ١٩٠ بۆ ٢٥٠ پێی سێجایە بۆ هەر بەرمیلێك نەوتی خاو، لەئێستاشدا توانای بەرهەمهێنان لە چوار کێڵگەدا لەنێوان ٤٤٠ بۆ ٤٥٠ هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا، دەکرێت ئاستی بەرهەمهێنان لە ئایندەیەکی نزیکدا بەرزبکرێتەوە بۆ نزیکەی یەك ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا لەمیانی پێشخستنی توانای بەرهەمهێنان لە هەر پێنج کێڵگەدا. هەروەها لەمیانی ئەگەری دۆزینەوەی شوێنی دیکەی نەوت لە قووڵایی پێکهاتەی نەوتی هەر پێنج کێڵگەکە، شایانی باسە گرنگیی کێڵگەکانی نەوتی کەرکووك پەیوەستە بە بوونی سێ کانگای نەوت لە زۆربەی ئەو پێنج کێڵگەیە لە پارێزگاکەدا.

٢- قەبارەی زیانی عێراق لە ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی خاو لە کێڵگەکانی کەرکووك دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ تاکو ١٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨ بە نزیکەی ٨ ملیار دۆلار دەخەملێندرێت، ئەوە جگە لەو زیانانەی بەر دامەزراوە نەوتی و غازییەکان و شارو شارۆچکەو گوندەکان کەوت دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، تائێستاش هەڕەشەکان بەردەوامن لەسەر زۆربەی کایەکانی ژیان، بەتایبەتیش بۆسەر دامەزراوە نەوتییەکان و نەبوونی ئاسایش و سەقامگیری لە پارێزگاکەدا.

٣- ڕێککەوتنی ئەم دواییەی نێوان بەغداو هەولێر دەربارەی هەناردەکردنی نەوتی خاو لە کێڵگەکانی کەرکووکەوە بە ڕێگەی بۆرییەکانی نەوتی کوردستان، کە لە ١٦ی تشرینی دووەمی ئەمساڵ دەستی پێکرد بە توانای ٥٠ -١٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، کە توانای هەناردەکردن بۆ ٤٠٠ هەزار بەرمیل بەرزدەبێتەوە، دەبێتەهۆی بووژاندنەوەی داهاتی ئابووریی نەوت و غاز لە عێراق، لە قۆناخی یەکەمدا کە ١٠٠ هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا و بەلانیکەم بەرمیلی بە ٦٠ دۆلار دەفرۆشرێت، ئەمەش داهاتێك دابین دەکات کە بە نزیکەی ١٨٠ ملیۆن دۆلار لە مانگێکدا دەخەملێندرێت، هەروەها نزیکەی ٢,١٦ ملیار دۆلار لە ساڵێکدا، ئەگەر توانای هەناردەکردن بۆ ٤٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرز ببێتەوە، داهاتەکەی دەگاتە نزیکەی ٧٢٠ ملیۆن دۆلار لە مانگێکدا و نزیکەی ٨,٦٤٠ ملیار دۆلار لە ساڵێکدا، سەرباری ئەو داهاتەی کە لە غازی سرووشتی بەدەست دەهێندرێت.

٤- ئەگەر ئەو نەوتە خاوە و ئەو غازەی ئەوێ کە بەرهەمدەهێندرێن و لە پیشەسازیی نەوتی و غازی بەکاربهێندرێن، ئەوا داهاتەکەی چەند ئەوەندە زیاددەکات بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی لە فرۆشتنی نەوتی خاو بەدەست دەهێندرێت، کە لە بڕگەی ٣ی سەرەوە ئاماژەی پێکراوە، لەپاڵ ئەو داهاتەی لە پترۆکیمیاوییەکانی بەرهەمهێنراو لە غازی سرووشتی بەدەست دەهێنرێت.

٥- گەورەترین سوودمەندی ئەو گۆڕانکارییە ئابوورییە لە پارێزگای کەرکووك دانیشتووانی خودی پارێزگاکەیە لەمیانی مسۆگەرکردنی خەرجیی پشکی پترۆدۆلار، واتا لانیکەم یەك دۆلار لە هەر بەرمیلێك نەوتی خاو، لە ئێستاشدا ڕۆژانە ٤٤٠ هەزار بەرمیل لە کێڵگەکانی کەرکووك بەرهەمدێت، هاوکات ئەو داهاتەش کە بە ١٥٨,٤ ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا دەخەملێندرێت، تەرخان بکرێت بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی پارێزگاکە و دابینکردنی هەلی کار بۆ دانیشتووانی پارێزگاکە.

٦- زانیارییە جیۆلۆجییەکان ئاماژە بەوە دەکەن



كە دەتوانرێت ئاستی بەرهەمهێنان لە كێڵگەكانی كەركوك رۆژانە بۆ یەك ملیۆن بەرمیل بەرزبكرێتەوە، بەم شێوەیە داهاتی پارێزگای كەركوك لە پشكی پترۆدۆلار ساڵانە بۆ ٣٦٠ ملیۆن دۆلار بەرزدەبێتەوە، ئەمەش مژدەبەخشە بە رووداني گۆڕانكاریی ئابووری و پەرەپێدان لە پارێزگاكەدا هەر كاتێ بەشێوەیەكی سەردەمییانەو دادپەروەرانە بەڕێوەببردرێت، ئەمە دەبێتەهۆی لابردنی بەشێكی گەورەی ستەم و چەوسانەوەو ئاوارەبوون كە رووبەڕووی ئەو پارێزگایە بۆتەوە، لەوەتەی نەوت لە كەركووك بەرهەم هاتووە لە ساڵی ١٩٢٧ تا بە ئەمڕۆ دەگات.

**● بواری بەڕێوەبردنی نەوت و غاز**

ئەركی حكومەتی هەرێمی كوردستان و ئەنجومەنی پارێزگای كەركوكە كە ئەم داواكارییانە پێشكەش بكەن:

١- مسۆگەركردنی بەشداربوونی لایەنە پەیوەندیدارەكانی حكومەتی هەرێم لە بەڕێوەبردنی كەرتی نەوت لە كێڵگەكانی نەوت و غاز (پێكەوە) لەگەڵ كۆمپانیای نەوتی باكوورو كۆمپانیا بیانییەكان كە لە پێشخستنی كێڵگەكانی نەوتی كەركووك كاردەكەن.

٢- حكومەتی فیدراڵ خەرجیی هێزەكانی پاراستنی كێڵگەكانی كەركووك و هێزەكانی پاراستنی بۆرییەكانی نەوتی كوردستان بگرێتە ئەستۆ.

٣- بوونی نوێنەرێكی فەرمیی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە كۆمپانیای سۆمۆ كە نەوتی عێراق دەفرۆشێت و بە نەوتی خاوی هەناردەكراوی كێڵگەكانی كەركووكیشەوە.

٤- مسۆگەركردنی پێدانی پشكی پترۆدۆلار بە ئەنجومەنی دەسەڵاتداری كەركووك بە لایەنیكەم یەك دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك لە هەناردەكردنی نەوتی خاوی كەركووك.

٥- قەرەبووكردنەوەی زیانلێكەوتووان لەئەنجامی رووداوەكانی داگیركردنی كەركووك لە ١٦ی ئۆكتۆبەری ٢٠١٧.

٦- بەشداریكردنی حكومەتی هەرێم و ئەنجومەنی پارێزگا لە ئایندەدا لە پەرەپێدانی پیشەسازیی نەوت و غاز.

٧- تەرخانكردنی رێژەیەك كە كەمتر نەبێت لە ٥٪ی داهاتی نەوت و غازی بەرهەمهێنراوی پارێزگاكەو پارێزگاكانی دیكەی عێراق لە پەرەپێدان و پێشخستنی كەرتەكانی دیكەی وەك (كشتوكاڵ، پیشەسازی، گەشتیاری، وزەی مرۆیی، تەندروستی، ئاو، پەروەردە).

**زانیارییە جیۆلۆجییەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە دەتوانرێت ئاستی بەرهەمهێنان لە كێڵگەكانی كەركووك رۆژانە بۆ یەك ملیۆن بەرمیل بەرزبكرێتەوە، بەم شێوەیە داهاتی پارێزگای كەركووك لە پشكی پترۆدۆلار ساڵانە بۆ ٣٦٠ ملیۆن دۆلار بەرزدەبێتەوە**



یۆجین گۆڵز، پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی نۆتردام. تایبەتمەندی بواری ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی ئابووری و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە. لە نێوان ساڵانی ٢٠١٠-٢٠١٢ راوێژکاری باڵای جێگری وەزیری بەرگریی ئەمریکا بووە، پێشتریش وانەبێژ بووە لە چەند زانکۆی گرنگی وەك تێکساس، کێنتاکی، کۆلێژی ویلیامز و زانکۆی جۆرج مەیسۆن. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد کە پەیوەست بوون بە تەحەددییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ و سیاسەتی ئەم ئیدارەیە لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی بەکارهێنانی ئابووری وەك ئامرازێکی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ئەمریکا و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

دیمانەی تایبەت

**یۆجین گۆلز**
پرۆفیسۆری زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# سزا ئابوورییەکان کاریگەریی گەورەیان لە بەدیهێنانی ئامانجە گرنگەکانی سیاسەتی ئەمنیدا نەبووە

*** ئایا دژوارترین تەحەددییەکانی بواری سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ لە تێڕوانینی ئێوەدا چین؟**

- بە تێڕوانینی من قورسترین تەحەددی ئەوەیە کە ئەمریکا ددان بەخۆیدا بگرێت و پێی وانەبێت کە دەبێت لە ئاست هەموو رەوش و دۆخێدا کاردانەوەی هەبێت، لەبەر ئەوەی لە جیهاندا چەندین دۆخی ئاڵۆز و مەترسیدار لە ئارادان و چەندین کێشە لەم جیهانەدا هەن کە هیچ بەرژەوەندییەکی گەورەی نەتەوەی ئەمریکی لەخۆناگرن و هیچ چارەسەرێکی روون بۆ ئەم کێشانەش لە ئارادا نییە، کەواتە تەحەددیەکە ئەوەیە کە ئەمریکا پەلە نەکات و ئەو راستییەی لەبەرچاو بێت کە ناتوانێت هەموو کێشەیەك چارەسەر بکات. هەروەك ئاماژەم پێکرد لە جیهاندا چەندین دۆخی خراپ لە ئارادان و بە شێوەیەکی سرووشتی ئەمریکییەکان پێیانوایە دەبێت کارێك بکەن بۆ رێگریلێکردنیان، بەڵام دەبێت سەرەتا ئەمریکا لەوە دڵنیابێت کە سەرکەوتوو دەبێت لەم هەوڵانەیدا.

*** ئێوە داڕێژەری چەمکی سنووربەندین، ئایا مەبەستی ئێوە ئەوەیە کە دەبێت ئەمریکا رێگایەکی ناوەند بگرێتەبەر لە نێوان هەژموونخوازی و گۆشەگیریدا؟**

- من پێموایە دەبێت لە هەمو روویەکەوە ئەم رێگا مامناوەندییە بگیرێتەبەر، من لەگەڵ گۆشەگیریدا نیم، لەبەر ئەوەی بەشداربوونی ئەمریکا لە کاروبارەکانی جیهاندا لە رووی ئابووری و کەلتوورییەوە دەرئەنجامی سوودبەخشی لێدەکەوێتەوە، بەڵام نەك بەشداربوونی سەربازی، ئەمەش گەوهەری ستراتیژیەتی سنووربەندییە، مەبەستم ئەوەیە نابێت ئەمریکا رێگاچارەیەکی سەربازیی توند لە ئاستی جیهاندا بگرێتەبەر. کە بە دڵنیاییەوە ئەمە بەسەر جیهانی ئێستادا جێبەجێ دەبێت، چونکە چەندین بەشی جیهان هەن کە تێیاندا ئەمریکا دوچاری دژواری و کێشە بۆتەوە و دەرئەنجامی تێوەگلانیشی بە خراپ کەوتۆتەوە.

**بەشداربوونی ئەمریکا لە کاروبارەکانی جیهاندا لە رووی ئابووری و کەلتوورییەوە دەرئەنجامی سوودبەخشی لێدەکەوێتەوە، بەڵام نەک بەشداربوونی سەربازی، ئەمەش گەوهەری ستراتیژیەتی سنووربەندییە**

*** بەڵام زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە ئەمریکا لە هەندێ ناوچەدا گۆڕەپانەکەی بۆ هەندێ لە هێزە جیهانی و بگرە ناوچەییەکانی دیکە چۆڵ کردووە، وەك سووریا کە ئێران و ڕووسیا توانیویانە ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- من پێموانییە ئەمە ڕاست بێت، ڕەنگە دەربڕینێکی باش نەبێت ئەگەر بڵێین خۆزگە بۆشایی دەسەڵات هەبوایە، بەڵام من خوازیاری ئەوەم ئەمریکا خۆی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دوور بگرێت. دواتر پێموایە وەڵامەکە ئەوەیە کە ناکرێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین، چین و ڕووسیا لە پڕێکدا بتوانن هێزی سەربازیی خۆیان پەرە پێ بدەن لە ناوچەی کەنداوی فارسدا و کارێك بکەن بتوانن زیان بە بەرژەوەندی و پێگەی ئەمریکا لە جیهاندا بگەیەنن. چونکە ئەم دوو وڵاتە- چین و ڕووسیا- توانایەکی سنوورداریان هەیە بۆ برەودان بە هێزی خۆیان لەسەر ئاستی جیهاندا. ڕاستە چین وڵاتێکی دەوڵەمەندە و ڕەنگە بتوانێت لە ماوەی ٣٠ ساڵی داهاتوودا ئەم توانایە بەدەست بهێنێت، بەڵام لە ئێستادا ئەم توانایەی نییە، ڕووسیاش پەیوەندییەکی درێژخایەنی هەیە لەگەڵ سووریا کە دەگەڕێتەوە بۆ ٥٠ ساڵ پێش ئێستا و جێی سەرسوڕمان نییە کە بەهۆی هاوکاریی حکومەتی سووریاوە و بەم هۆیەوە توانیویەتی هێز بەکاربهێنێت لەو شەڕە ناوخۆییە وێرانکارەی سووریادا. من پێموایە ئەمریکا هیچ بەرژەوەندییەکی نەتەوەیی نییە لەم دۆخەدا، جگە لەوە نەبێت کە پێویستە کار بکرێت بۆ ڕاگرتنی ئەو کارەساتە مرۆییەی لەو وڵاتەدا هەیە. بەڵام درێژبوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ڕووسیا لە سووریادا بە مانای ئەوە نییە کە دەتوانێت زیان بە ئەمریکا بگەیەنێت و لە ڕاستیدا هیچ بۆشاییەکی دەسەڵاتیش نییە کە ڕووسیا پڕی بکاتەوە بۆ زیانگەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئەگەری ئەوەش نییە ڕووسیا بتوانێت هێزی خۆی لە وڵاتێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە چەشنی سووریا جێگیر بکات، لەبەر ئەوەی سەرچاوە و تواناکانی ڕووسیا لەم ڕووەوە سنووردارن.

*** کەواتە بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەڕوانیت؟**

- بە تێڕوانینی من ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێکە لەو ناوچانەی کە ڕەوشێکی زۆر خراپ و دژواری هەیە و دەبێت پرسیاری ئەوە بکەین ئایا بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە هەندێ هەلومەرجی ئەم ناوچەیەدا چین؟ بۆ نموونە دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژە بەوە بکەین ئایا ئەمریکا چ بەرژەوەندییەکی هەیە لەم شەڕە وێرانکارەی ئێستا لە وڵاتی یەمەندا ڕوودەدات و بەردەوامە. کە پێموایە ئەمریکا هیچ بەرژەوەندییەکی ئاسایشی نەتەوەیی نییە لەم دۆخەدا و ئێمە چاوپۆشی لێدەکەین تەنیا لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی ناعەقڵانی خۆمان پەیوەست کردووە بە هاوپەیمانێکی توندڕەوی وەك سعودیەوە. ئەمە لە کاتێکدا ئەمریکا هیچ بەرەژوەندییەکی ستراتیژی لەگەڵ سعودیەدا نییە. لەم ڕوانگەیەوە من پێموایە دەبێت ئەمریکا تاوەکو دەتوانێت خۆی بە دووربگرێت لە ڕەفتارە خراپەکانی سعودیە. ئەوەش ڕاستە کە هەندێ جار دەوترێت دەبێت لە هەندێ هەلومەرجدا هێزە گەورەکان بە شێوەیەك هەڵسوکەوت بکەن کە چاوپۆشی بکەن لە دەرئەنجامە خراپەکانی سیاسەتەکانیان لە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ، پاساوەکەشی ئەوەیە کە ئەوان بەرژەوەندیی گەورەیان هەیە و دەبێت بیپارێزن، بەڵام من پێموانییە ئەمە حاڵەتەکە بێت لە پەیوەندی بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاوە لە ئاست سعودیەدا. واتە ئەگەر سعودیە خوازیاری ئەوە بێت کە ڕێگایەکی جیاواز بگرێتەبەر و درێژە بە شەڕی یەمەن بدات و ڕۆژنامەنووس بکوژێت و ڕێگا بە ڕۆژنامەی ئازاد نەدات، ئەوا دەبێت ئێمەش وەك دۆست و هاوپەیمان لێی نەڕوانین و پێویستە خۆمانی لێ بەدوور بگرین. ئەو کاتەش پرسیارەکە ئەوەیە ئایا وڵاتانی دیکە دەتوانن سوود لە کشانەوەی ئەمریکا وەربگرن و ئەمە بکەنە دەرفەت بۆ برەودان بە دەستڕۆیشتوویی خۆیان؟ هەروەك لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێکرد، پێشبینی ناکرێت وڵاتانی دیکە بتوانن لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم کارە بکەن.

*** باشە لێکدانەوەی ئێوە چییە بۆ بەکارهێنانی فشاری ئابووری وەك ئامرازێکی**

**درێژبوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ڕووسیا لە سووریادا بە مانای ئەوە نییە کە دەتوانێت زیان بە ئەمریکا بگەیەنێت و لە ڕاستیدا هیچ بۆشاییەکی دەسەڵاتیش نییە کە ڕووسیا پڕی بکاتەوە بۆ زیانگەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئەگەری ئەوەش نییە ڕووسیا بتوانێت هێزی خۆی لە وڵاتێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە چەشنی سووریا جێگیر بکات**

**ئەگەر سعودیە خوازیاری ئەوە بێت کە ڕێگایەکی جیاواز بگرێتەبەر و درێژە بە شەڕی یەمەن بدات و ڕۆژنامەنووس بکوژێت و ڕێگا بە ڕۆژنامەی ئازاد نەدات، ئەوا دەبێت ئێمەش وەک دۆست و هاوپەیمان لێی نەڕوانین و پێویستە خۆمانی لێ بەدور بگرین**

**هەندێ جار بەکارهێنانی ڕێکاری ئابووری وەک ئامرازێکی سیاسەتی دەرەوە سەرکەوتوو بووە لە بەدیهێنانی ئامانجێکی سنووردارداا، بەڵام زۆر کاریگەر نەبوون لە بەدیهێنانی ئامانجە گەورەکانی بواری سیاسەتی ئەمنیدا، کەواتە ئەمە ئامرازێکی سوودبەخشە، بەڵام بەهێز نییە**



**سیاسەتی دەرەوەی بەتایبەتی لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە؟**

- هەڵسەنگاندنی من بۆ بەکارهێنانی ڕێکاری ئابووری وەك ئامرازێکی سیاسەتی دەرەوە ئەوەیە کە هەندێ جار ئەم ڕێکارانە سەرکەوتوو بوون لە بەدیهێنانی ئامانجێکی سنوورداردا، بەڵام زۆر کاریگەر نەبوون لە بەدیهێنانی ئامانجە گەورەکانی بواری سیاسەتی ئەمنیدا، کەواتە ئەمە ئامرازێکی سوودبەخش بەڵام بەهێز نییە. بەڵام ئومێدی من ئەوەیە کە ئەمریکا لە ئاست ئێراندا ڕێکاری ئابووری بگرێتەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، نەك قەناعەت بە خۆی بکات کە پەنابردنەبەر بەکارهێنانی هێزی سەربازی کارێکی پێویستە، چونکە ئەوە هەڵەیەکی راستەقینە و تراژیدی دەبێت، چونکە چەند بەرپرسێکی ئێستای نێو کۆشکی سپی پێشتر داوای ئەوەیان دەکرد ڕێکاری سەربازی لە دژی ئێران بەکار بهێنرێت. بە شێوەیەکی گشتی من ئومێد دەکەم ئەمریکا سیاسەتێکی دروستتر لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگرێتەبەر.

*** ئایا باوەڕت وانییە ئەم سزایانە ئەو کاتە کاریگەر دەبن کە پشتیوان و کۆدەنگیی نێودەوڵەتییان لە پشت بێت؟**

- یەکێك لە سنووربەندییەکانی سەر توانای ئەمریکا لە بەکارهێنانی فشاری ئابووری ئەوەیە کە باقی جیهان هاوڕا نین لەگەڵ ئەمریکادا لە پەیوەندی بەم سزایانەوە. واتە ئەم وڵاتانە پێیانوایە دۆخی ئاسایی وەبەرهێنان و بازرگانی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی پتر لە بەرژەوەندی ئەواندا دەبێت. ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر سنووردارکردنی توانای ئەمریکا بۆ سزادانی ئێران، زەقترین نموونەش لەم ڕووەوە وڵاتی چینە کە دەیەوێت نەوتی ئێران بکڕێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەمریکا نەتوانێت گوشاریی توند بخاتەسەر ئابووریی ئێران، خۆ ئەگەر بێتو ئەمریکا سزا بخاتەسەر چین بۆ ئەوەی پابەندبێت بە سزاکانی سەر ئێرانەوە، ئەوا ئەمە بە گران لەسەر ئەمریکا رادەوەستێت و بگرە کاریگەری لەسەر ئابووریی جیهانیش دەبێت، کەواتە ئومێدی من ئەوەیە ئەمریکا پەنا نەباتەبەر سەپاندنی سزای لاوەکی بەسەر ئەو وڵاتانەی کە بازرگانی لەگەڵ ئێراندا دەکەن.

*** ئایا پێتوایە کاردانەوەی وڵاتانی دیکە لەسەر ئەم ڕێکارانەی ئەمریکا چی دەبێت؟**

- ئەوەی تا ئێستا ڕوویدا ئەوەیە ئەمریکا وڵاتانی دیکەی خستۆتە دۆخێکی نارەحەتەوە. ڕەنگە دەستەواژەی کاردانەوە ئەوە لەخۆ بگرێت کە ئەم وڵاتانە هەنگاو بگرنەبەر بۆ زیانگەیاندن بە ئەمریکا، بەڵام ئێمە دەزانین ئەمریکا وڵاتێکی زۆر بەهێز و دەستڕۆیشتووە و ئەمریکا وڵاتێکی دەوڵەمەندە و وڵاتانی دیکە خوازیاری ئەوەن کە جارێکی دیکە ئەمریکا بگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێککەوتنانەی لێیان کشاوەتەوە.

**وڵاتی چین دەیەوێت نەوتی ئێران بکڕێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەمریکا نەتوانێت گوشاری توند بخاتەسەر ئابووریی ئێران، ئەگەر ئەمریکا سزا بخاتەسەر چینیش بۆ ئەوەی پابەند بێت بە سزاکانی سەر ئێرانەوە، ئەمە بە گران لەسەر ئەمریکا رادەوەستێت و کاریگەری لەسەر ئابووری جیهانیش دەبێت**

دیمانەی تایبەت



**دانیاڵ کورتزەر**

**باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە میسر و ئیسرائیل بۆ گوڵان:**

# ئەمریکا تێڕوانینێکی شێواوی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە

**دانیاڵ کورتزەر پرۆفیسۆری دیراسەتی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە سکوڵی وودرۆ ویڵسۆن بۆ کاروبارە گشتی و نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی پرینستۆن. خاوەنی ٢٩ ساڵ خزمەتە لە بواری دیپلۆماسیدا و لە ساڵی ٢٠٠٥ بە پلەی وەزیر خانەنشین بووە. لە ساڵی ٢٠٠١بۆ ٢٠٠٥ باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە ئیسرائیل و لە ساڵی ١٩٩٧ بۆ ٢٠٠١ باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە میسر. هەروەها جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی نزیك بووە. رۆڵی هەبووە لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست پرۆسەی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەروەها راوێژکاری گرووپی دیراسەتی عێراق بووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد کە پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیە و بەتایبەتی لە ئاست عێراقدا.**

*** وەك کەسێك کە ماوەی هەشت ساڵ وەك باڵیۆزی ئەمریکا لە هەردوو وڵاتی میسر و ئیسرائیل کارت کردووە، چۆن لە سیاسەتی ئێستای ئیدارەی سەرۆك ترەمپ دەڕوانیت لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- پێموایە ئیدارەی ترەمپ نزیکەی هەموو تەرکیزی خۆی لەسەر دۆخی ئێران چڕ کردۆتەوە، هەم لە پەیوەندی بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە و هەم لە پەیوەندی بە چالاکییەکانی ئێران لە سووریا و یەمەن و پشتیوانیکردنی لە تیرۆریزمەوە. کەواتە ئەم ئیدارەیە دەیەوێت لە روانگەی پرسی ئێرانەوە لە دۆخی ناوچەکە بڕوانێت، کە بە بۆچوونی من ئەمە تێڕوانینێکی شێواوە بۆ روانین لە ناوچەکە. چونکە تەحەددیی گەورەی دیکە هەن کە پەیوەستن بە گەشەی دانیشتووان و پرسی پەروەردە و مافەکانی مرۆڤ و چەندین بابەتی دیکە کە هیچ وابەستە نین بە پرسی ئێرانەوە، هەروەها چەندین ناکۆکی هەن لە ناوچەکەدا کە پەیوەست نین بە ئێرانەوە، کەواتە ئەم ئیدارەیە دیدگایەکی بەرتەسکی لەم رووەوە هەیە.

*** لە روانگەی وەڵامەکەی پێشووتانەوە، ئایا دەتوانین بڵێین ئیدارەی ئەمریکا هیچ پلان و بەرنامەیەکی جێگیرو گشتگیری بۆ ئەم ناوچەیە نییە؟**

- پێموایە ئەمە راستە، چونکە ئێمە دەزانین ئیدارەی باراك ئۆباما ویستی رۆڵێکی هاوسەنگ بگێڕێت لە روی بایەخدان بە هاوپەیمانە تەقلیدییەکانمانەوە و گرنگیدان بە هەندێ پرسی دیکەی وەك پرسی ئێران، کە ئێستا ئەمە لە سایەی ئیدارەی ترەمپدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، چونکە لە سایەی ئەم ئیدارەیەدا بەرنامەیەکی جێگیر نییە و ئەمەش مایەی نارەحەتییە، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بە چەشنێکی گەورە گۆڕانکارییان بەسەردا نەهاتووە لەم ناوچەیەدا، چونکە هێشتا ئەمریکا دەبێت پەرە بە پەیوەندیی ئەرێنی و باش بدات لەگەڵ زۆرێك لە دەوڵەتە عەرەبی و کاراکتەرەکانی ئەم ناوچەکەیەو بەرژەوەندیی لەوەدایە کۆتایی بە چەندین شەڕ و ناکۆکی بهێنێت و نرخی نەوت بە جێگیری بمێنێتەوە، کەواتە ئەم بەرژەوەندییانە بە جێگیری ماونەتەوە، بەڵام ئەوە سیاسەتی ئەمریکایە گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووە لە ئیدارەیەکەوە بۆ ئیدارەیەکی دیکە.

*** باست لەوە کرد تەرکیزی ئیدارەی ترەمپ لەسەر ئێرانە و ئێستاش ئەم ئیدارەیە دەستی کردووە بە خستنەگەڕی ئەوەی خۆی پێی دەڵێت: «هەڵمەتی توندترین فشار لەسەر ئێران»، پێتوایە دەرئەنجامی ئەم فشار و هەڵمەتە چی دەبێت؟**

- من پێموایە هێشتا زووە بۆ ئەوەی ئەمە یەکلابکەینەوە، دواتر ئێمە دەزانین کاتێك سزای هەمەلایەن بەسەر ئێراندا سەپێندراوە لە ساڵی ٢٠١٠وە، ئەوا لە کۆتاییدا ئەم سزایانە بوونە هۆی ئەوەی قەناعەت بە ئێران بکات بۆ ئەوەی دەست بە گفتوگۆ بکات و ئەوە بوو رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی لێکەوتەوە. کەواتە بەکارهێنانی فشار و سزا لە رابردوودا کاریگەر بوون، بەڵام

**ئیدارەی ترەمپ نزیکەی هەمووی تەرکیزی خۆی لەسەر دۆخی ئێران چڕ کردۆتەوە، هەم لە پەیوەندی بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە و هەم لە پەیوەندی بە چالاکییەکانی ئێران لە سووریا و یەمەن و پشتیوانیکردنی لە تیرۆریزمەوە**

هەرچۆنێك بێت جیاوازییەکە ئەوە بوو کە ئەوانە سزای هەمەلایەن بوون و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەنگی لەسەر دان، واتە سزای تاکلایەنە نەبوون لەلایەن ئەمریکاوە. لەبەر ئەوە چاوەڕوان ناکرێت سزای تاکلایەنەی ئەمریکا ئەم دەرئەنجامەی لێ بکەوێتەوە، ئەگەرچی رەنگە ببێتەهۆی ئازارگەیاندن بە خەڵکی ئێران لە رووی ئابوورییەوە، هەروەها رەنگە هەندێ ناسەقامگیری و نائارامی لە ئێراندا لێ بکەوێتەوە، بەڵام روون نییە ئایا ئەمە سەردەکێشێت بۆ گۆڕانکاری لە سیاسەتی حکومەتی ئێراندا یان نا.

*** هەندێ لەو کەسانەی رەخنە لە ئیدارەی ترەمپ دەگرن، هەمان بۆچوونیان هەیە و پێیانوایە پێویست ناکات ئەمریکا بە تەنیا ئەرکی سەپاندنی سزا بەسەر وڵاتاندا بگرێتەئەستۆ، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ترەمپ ئەم رێچکەیە و هەنگاوی تاکلایەنە دەگرێتەبەر؟**

- زەحمەتە ئەوە بزانین کە بۆچی ترەمپ پتر تەرکیز لەسەر سەپاندنی سزا دەکاتەوە نەك لەسەر دیپلۆماسیەت، بە دڵنیاییەوە سزاکان تەنیا ئامرازێکن لە بواری دیپلۆماسیدا و دەوڵەتیش مافی ئەوەی هەیە ئەم ئامرازە لە نێو پرۆسەیەکی دیپلۆماسیی بەرفراوان بەکار بهێنێت. بەڵام سەپاندنی فشار بە بێ بوونی دیپلۆماسیەتێکی بەهێز تەنیا سزادان و ئازاردانە و پێموا نییە دەرئەنجامی زۆری لێ بکەوێتەوە.

*** ئێوە راوێژکاری گرووپی دیراسەتی عێراق بوون، ئایا لە ئێستادا رەوشی ئەم وڵاتە و سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ئەم وڵاتەدا چۆن دەبینن؟**

- کاتێك لە گرووپی دیراسەتی عێراق بووم، من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا بووم کە پێویستە هێزەکانی ئەمریکا زووتر عێراق بەجێبهێڵن و زووتر بەرپرسیارێتی بدرێتەوە دەست عێراقییەکان، بەڵام ئێمە ١١ ساڵ زیاتر ماینەوە لە دوای بڵاوکردنەوەی راپۆرتی گرووپی دیراسەتی عێراق، کە ئەمەش پێچەوانەی بۆچوون و لێکدانەوەکەی من بوو. هەروەها من لە بنەڕەتەوە لەگەڵ دەستێوەردانی ئەمریکا لە عێراقدا نەبووم. چونکە دڵنیا نەبووم لە ئامانجەکەی و ئێستاش کە ١٥ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، ئاشکرایە کە بە شکستێکی گەورە کۆتایی هاتووە. من لەوە تێدەگەم کە ئەگەر سەرۆکی ئەمریکا بڕیاری دابێت دەستێوەردان لەو وڵاتەدا بکات، ئەوا بەرپرسیارێتی دۆخی دوای داگیرکارییەکەشی دەکەوێتە ئەستۆ، بەڵام ١٥ ساڵیش کاتێکی زۆرە و منیش رێزێکی زۆرم هەیە بۆ خەڵکی عێراق و دەبێت دەرفەتی ئەوەیان پێ بدرێت بە بێ بوونی ئەمریکا لەو وڵاتەدا کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن.

*** لەبەر رۆشنایی وەڵامەی پێشوودا، چۆن لە ئایندەی وڵاتی عێراق دەڕوانیت؟**

- لە راستیدا گرنگە کە ئەمریکا و عێراق دیراسەتێك بکەن لەبارەی ئەوەی ئایا هەڵەکە لە چیدا بوو، پێموایە نەبوونی پلان لەلایەن ئەمریکا و نەبوونی ئامادەیی عێراقییەکان بۆ بەرەوپێشچوون و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی، هۆکاری سەرەکی بوون لە روودانی ئەو شکستە گەورەیە تا ئەمڕۆ هەیە. دواتر زۆر زەحمەتە بکشێیتەوە دوای ئەوەی ئەو ناسەقامگیرییەت خوڵقاندووە. کەواتە لە ئێستادا چەندین تەحەددی دژوار هەن بۆ بەرەوپێشچوون و عێراقییەکانیش بەرپرسیارێتی گەورەیان لە ئەستۆیە لەم رووەوە.

*** دوا پرسیارمان ئەوەیە ئایا دەبێت ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ چ رێچکەیەکی جیاواز بگرێتەبەر لە ئاست ئەم ناوچەیەدا؟**

- لە راستیدا دەبێت ئیدارەی ئەمریکا بە وریاییەوە هەڵسەنگاندن بکات بۆ چەند پرسێك، یەکەمیان پەیوەستە بە دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا، دواتر دەبێت ئەوە یەکلابکاتەوە ئایا گرنگیی ئەم بەرژەوەندییانە چین بەراورد بە بەرژەوەندییەکانی دیکەی ئەمریکا لە ناوچەکانی دیکەی جیهاندا، چونکە ئەمریکا هێزێکی جیهانییە، خاڵی سێیەم ئەوەیە کە دەبێت هەڵسەنگاندنێکی ورد بکات بۆ ئەوەی کە دەتوانێت بەدەستی بهێنێت و ئەوەی لە توانایدا نییە بەدەستی بهێنێت. پێموایە هەمیشە ئەوە گرنگ بووە کە ئەمریکا رۆڵێکی بەهێزی هەبێت لە بنیادنانی ئاشتیدا، کە پێدەچێت ئێستا ئێمە خۆمان لەم رۆڵە بە دوور گرتبێت. لەلایەکی دیکەوە دەبێت بە وریاییەوە هەڵسەنگاندن بۆ هاوپەیمانێتییەکان بکرێت و دەبێت هاوپەیمانەکانمان دڵنیا بکەینەوە لەوەی ئێمە چاوکراوە دەبین لە ئاست ئەو تەحەددییانەی کە ئەوان رووبەڕووی دەبنەوە لە رووی ئەمنییەوە.

**ئەمریکا دەبێت پەرە بە پەیوەندی ئەرێنی و باش بدات لەگەڵ زۆرێک لە دەوڵەتە عەرەبی و کاراکتەرەکانی ئەم ناوچەکەیەداو بەرژەوەندیی لەوەدایە کۆتایی بە چەندین شەڕ و ناکۆکی بهێنێت و نرخی نەوت بە جێگیری بمێنێتەوە**

**سزاکان تەنیا ئامرازێکن لە بواری دیپلۆماسیدا و دەوڵەتیش مافی ئەوەی هەیە ئەم ئامرازە لە نێو پرۆسەیەکی دیپلۆماسیی بەرفراوان بەکار بهێنێت. بەڵام سەپاندنی فشار بە بێ بوونی دیپلۆماسیەتێکی بەهێز تەنیا سزادان و ئازاردانە و پێموا نییە دەرئەنجامی زۆری لێ بکەوێتەوە**

**من لە بنەڕەتەوە لەگەڵ دەستێوەردانی ئەمریکا لە عێراقدا نەبووم. چونکە دڵنیا نەبووم لە ئامانجەکەی و ئێستاش کە ١٥ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، ئاشکرایە کە بە شکستێکی گەورە کۆتایی هاتووە**

# سەڵاحەدین شێوەی چیای دوین هەر بە سەربەرزی دەمێنێتەوە



سەلاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

**«سەڵاحەدین سەرکەوت و بوو بە پاڵەوانێکی عەرەب، ئەگەر شکستی هێنابا، دەبوو بە سیخوڕێکی کورد»**

**شاعیری فەڵەستینی مەعین بەسیسۆ**

لە ساڵی ١٩٨٤ و کاتێ سەفەری تونسم دەکرد بە حوکمی ئەرکی هەماهەنگیکردنم لەنێوان بزووتنەوەی کوردی و ڕێکخراوی رزگاریخوازیی فەڵەستین و سەرۆکەکەی (کۆچکردوو یاسر عەرەفات)، پەیوەندیم لەگەڵ شاعیری کۆچکردوو مەعین بەسیسۆ هەبوو، وەك دۆستێك ڕێزم دەگرت، چونکە تێکۆشەرێکی شیوعی بوو، دوو دەیە لە زیندانەدا بوو، هاوکات شاعیرێکی بەتوانا بوو و دەربارەی کێشەی فەڵەستین نووسینی هەبوو، ئێوارەیەك لە ماڵەوە

**عەباس ئەلنوری ئەکتەری سووری-شیعی زۆر بە نارەوا باسی سەلاحەدینی کردبوو، ناوبراو لایەنگری دەسەڵاتە ستەمکارەکەی ئەسەدەو هەر لە سەرەتاوە دژی شۆڕشی سووریا وەستاوەتەوە، ئەو بوونی سەلاحەدینی بە فرت و فێڵ داناوە، بەکرێگیراوانی رژێمی ئەسەدیش وتەی نابەجێیان بڵاوکردبۆوە کە سەلاحەدین فاشی و رەگەزپەرستە و داوایان دەکرد، گۆڕەکەی لە دیمەشق هەڵتەکێنن**

**هەموو دەستەبژێری گەلانی کوردو تورک و فارس بەشداریان لە بنیادنانی شارستانێتیی ئیسلامیدا کردووە کە عەرەب ستەمکاریان بووە**

**زۆر تۆمەت دەخەنە پاڵ ئەو پێشەنگانە بەوەی گوایە دەستبەرداری کێشە نەتەوەییەکانیان بوون و خزمەتی کێشەی گەلانی دیکەیان کردووە، ئەوەش ستەمە، چونکە نابێت هەلومەرجی پێش سەدان و دەیان ساڵ بە تێگەیشتنی ئەم سەردەمە هەڵبسەنگێندرێت**

سەردانی کردم و ئەو دوو دێڕەی سەرەوەی بۆ خوێندمەوەو بەڵێنی پێدام کە هۆنراوەکە بەو ناونیشانە تەواوبکات، بە راستی بەڵێنەکەی بەجێهێناو هۆنراوەکەی لە کۆشیعرەکانیدا بڵاوکراوەتەوە.

لە گەرمەی ململانێی ناوچەکەمان، لەنێوان هێزە شەڕخوازەکان لە رژێمە دیکتاتۆرییەکان و گرووپە تیرۆریستییەکان و دوژمنانی دەرەوە لەلایەك و لەنێوان گەلانی ئاشتیخوازی ئێمەی پەرۆشی ئاشتی و ئازادی لەلایەکی دیکەوە، دەبینین هەڵسوکەوتی گوماناوی زۆر مەترسیدار لە ئارادایە لەلایەن شۆڤینیستە رەگەزپەرستەکان کە هەوڵدەدەن ئەو دەسەڵاتانەیان هەر بمێننەوە کە لە ئەنجامی راپەڕین و شۆڕشەکان خەریکە هەرەس دەهێنن، مەبەستیان بڵاوکردنەوەی کەلتووری ئاژاوەو دووبەرەکییە لەنێوان گەلاندا، هاوکات پیلاندانان بۆ زیاتر شێواندنی مێژوو و سڕینەوەی بوونی گەلان، لە هەمان کاتیشدا وروژاندنی شێوازی تازەی دوژمنکاری لەسەر بنەمای جوداخوازی و پەراوێزخستن، بۆ لەبیرچوونەوەی ململانێ سەرەکییەکە و راکێشانی سەرنجی بەرامبەر بۆ شەڕی دروستکراو، لەم بوارەدا هەوڵە چەپەڵەکان ماوەیەکە ئاراستەکراون بەرەو لەکەدارکردنی کەسایەتییە مێژووییەکان کە بە رەچەڵەك کوردن و رۆڵی گرنگ و بەرچاویان هەبووە لە مێژووی ناوچەکە، نموونەی سەلاحەدین ئەیوبی، ئەگەر ئەو پاڵەوانە لەبەر ناوەکەی بەئامانج کرابێت، ئەوا مەبەستی سەرەکی لەمەدا نکۆڵیکردنە لە بوونی کورد هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە، هاوکات پەردەپۆشکردنی بەشداریکردنیانە لە شارستانێتیی ئیسلامی-عەرەبی بەر لە سەدان ساڵ، لە رێی بەشداریکردنی هەمەلایەنە، لە پاڵەوانێتیی دلێرانەو بەرهەڵستیی داگیرکاریی بیانی، هەروەها لەو شاکارە فیکری و رۆشنبیرییانەو دواتر هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی هەموو رەگوڕیشەیەکی کورد لە ناوچەکەو لەبەینبردنی ماف و خواستەکانیان.

پێش ماوەیەك هەڵمەتێکی ناوزڕاندنی پاڵەوان سەلاحەدین ئەیووبی دەستی پێکرد، لەلایەن یوسف زێدان کە نووسەرێکی میسرییەو لە پاشماوەی شیعەکانی فاتیمییەکانە کە ئەیوبی و پێش ئەویش زەنکی دەسەڵاتی ئەوانیان لەناو بردبوو کە هاوسۆزو هاوکاربوون لەگەڵ هەڵمەتی خاچپەرستانی کۆلۆنیالیی ئەو کاتە، بەوە وەسفی کردبوو کە فێڵبازو درۆزنە، دوای ئەویش عەباس ئەلنوری ئەکتەری سووری-شیعی زۆر بە نارەوا باسی سەلاحەدینی کردبوو، ناوبراو لایەنگری دەسەڵاتە ستەمکارەکەی ئەسەدەو هەر لە سەرەتاوە دژی شۆڕشی سووریا وەستاوەتەوە، ئەو بوونی سەلاحەدینی بە فرت و فێڵ دانابوو، بەکرێگیراوانی رژێمی ئەسەدیش وتەی نابەجێیان بڵاوکردبۆوە کە سەلاحەدین فاشی و رەگەزپەرستە و داوایان دەکرد، گۆڕەکەی لە دیمەشق هەڵتەکێنن، ئێمە بەردەوامبوونی ئەو هەڵمەتە بەدوور نازانین، کە هەردوو رژێمی سووریاو تاران و میلیشیاکانی حزبولا هاوسۆز لەگەڵ میلیشیا مەزهەبییەکانی عێراق بەڕێوەی دەبەن.

بەڵێ ئێمەی کورد و گەلانی دیکەش، شانازی بەو کارانە دەکەین کە کوردانی ئەیوبی بە سەرکردایەتیی سەلاحەدین ئەنجامیانداوە، ئەو هاوپەیمانییەکی فراوانی دامەزراند لە کوردانی شوێنە جیاجیاکانی کوردستان لە هەولێرو رەواندز تا دەگاتە هەکاری و ئامەدو جەزیرە، هەروەها توانی پێکهاتەکانی ناوچەکە یەکبخات و سەرکردایەتیشیان بکات لە کورد و عەرەب و تورکمان و ئەرمەن، بەرگرییش لە پیرۆزییەکانیان بکات و رووبەڕووی هێرشە دەرەکییەکان ببێتەوە کە بە ناوی —خاچ- دەیانەویست گەلانی ناوچەکە کۆلۆنیالی بکەن و شارستانییان لەبەین بەرن، جا لەبەر هەبوونی دیارترین بەڵگە دەربارەی بوونی کوردو بڵاوبوونەوەی رەگوڕیشەیان لە قووڵایی مێژووی ناوچەکە رۆڵی پێشەنگیی ئەو گەلە بە لە هەشت سەدە زیاتر، بۆیە دەبینین شۆڤینی و رەگەزپەرستانی شێوەی زێدان و ئەلنوری و هەندێ لە رۆشنبیرە تایفەگەرەکانی سەر بە هەردوو رژێمی ولایەتی فەقیهی و ئەسەدو حزبولای لوبنانی کەوتوونەتە کار بۆ شێواندنی راستییەکانی مێژوو و نکۆڵیکردن لە بوونی کورد وەك تۆڵەکردنەوە بۆ گەندەڵکارانی دەوڵەتی فاتیمی لە میسر، لەکاتێکدا کە ئێرانیش دەیەوێت دەسەڵات و هەژموونی خۆی لە تەواوی ناوچەکە فراوان بکات و پێکهاتەی دیموگرافیی ناوچەکە بگۆڕێت.

سەرەتای ساڵانی حەفتاکان تا سەرەتای هەشتاکان لە بەیروت بووم، شتێك سەرنجی ڕاکێشام کە لێی تێنەگەیشتم، ئەویش ئەوە بوو کە زۆر کتێبم خوێندنەوە دەربارەی پەرەسەندنی مێژوویی کۆمەڵگەکانی ناوچەکە کە زۆر ڕۆشنبیرانی دەستەبژێری شیوعییەکانی لوبنان نووسیبوویان، لەوانە حەسەن حەمدان و مەهدی عامل و حوسێن مروە و عەلادین ترو، کە هەموویان شیعە بوون، تێبینیم کرد هیچ کتێبێکم نەدی ئاماژە بۆ سەردەمی حوکمڕانیی ئەیووبی پەیوەست بە مێژووی ئیسلامی بکات، جارێك لە هاوڕێیەکی بەرپرسی حزبی شیوعیی لوبنانیم پرسی، هۆی چییە ئەو ماوە مێژووییە لەو کتێبانەدا باس ناکرێت، دواتر خۆم زانیم کە بابەتی سەڵاحەدین و ئەیووبییەکان هێڵی سوورە لای مەرجەعییەکانی شیعەمەزهەبی سیاسی، بەهۆی مەسەلەی تیمی حەشاشەکان لە سووریا کە زۆرجار هەوڵیاندابوو سەڵاحەدین تیرۆر بکەن، دواتر تێگەیشتم کە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆی لوبنان چین، هەروەها ئێستا تێدەگەم کە ئەو کەسەی باسی ئەیووبییەکان دەکات بە دوژمن، یان مێژوویان دەشێوێنێت، ئەوانە ئەو تایفییانەن کە سەر بە هەردوو ڕژێمی ئەسەدو تارانن، ئەوانە گەمەی گۆڕینی پێکهاتەی دیموگرافیی ناوچەکە دەکەن، لە هەمان کاتدا لەلایەن گرووپ و حزبەکانەوە پشتیوانیی دەکرێن، لەوانەش گروپەکانی سەر بە پەکەکە کە تێوەگلاون لە ساختەکردنی مێژووی بزووتنەوەی کوردیمان.

لەلایەکی دیکەوە، هەندێ ڕۆشنبیری کورد هەن زۆر حوکمی توند دەدەن بەسەر کەسایەتییەکانی بە ڕەچەڵەك کورد، ئەوانەی ڕۆڵی سەرکردایەتی و ڕۆشنبیرییان لە ناوچەکە هەبووە، بەتایبەتی لە بەشداریکردن لە شارستانێتیی ئیسلامی و ڕۆشنبیریی عەرەبی و لە بزووتنەوە نیشتمانییەکان دژی کۆلۆنیالیزم لە قۆناغە جیاجیاکانی دەیان سەدەدا، لە سەرویانەوە بۆ نموونە: سەڵاحەدین ئەیووبی، ئەحمەد شەوقی، یوسف عەزمە، ئیبراهیم هنانۆ، محەمەد ئەلعابد، محەمەد کورد عەلی.

زۆر تۆمەت دەخەنە پاڵ ئەو پێشەنگانە بەوەی گوایە دەستبەرداری کێشە نەتەوەییەکانیان بوون و خزمەتی کێشەی گەلانی دیکەیان کردووە، وا بزانم ئەمەیان ستەمە، چونکە نابێت هەلومەرجی پێش سەدان و دەیان ساڵ بە تێگەیشتنی ئەم سەردەمە هەڵبسەنگێندرێت، لەلایەکی دیکەوە ناوچەکەی ئێمە چەندین شێوەی ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان شارستانییەکانی بەخۆیەوە دیوە، کوردیش ئەو کات و ئێستاش هەر ئەو پێکهاتەیە، هەموو دەستەبژێری گەلانی کوردو تورك و فارس بەشداریان لە بنیادنانی شارستانێتیی ئیسلامیدا کردووە کە عەرەب ستەمکاریان بووە، پێموایە سەرباری بوونی کەموکوڕی لە ڕابردوودا، بەڵام دەردەکە لە خۆمانە، واتا لە ئێمەی کوردی نەوەی ئێستا، ئەوانە بەپێی پێداویستییەکانی سەردەمی خۆیان ئەوەی ویژدانیان ویستبووی کردیان، بەڵام ئێمەو نەوەی پێش خۆمان، لەگەڵ سەردەمی پەیدابوونی دەوڵەت و قەوارە سەربەخۆکاندا ژیاوین، ناتوانین وەك ئەوانی دیکە بین، فارس و تورکیش بە دەیان ئەوەندەی کورد بەشداریان لە بنیادنانی ئەو شارستانییەتەدا کردووە، بەڵام ڕەوڕەوەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییان نەوەستاوە.

بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم هەڵمەتە دوژمنکارییەی کە تژییە لە درۆو بەختان دژی یەکێك لە ناودارە مەزنەکانی کورد و تەواوی گەلانی ناوچەکە، پێشنیار دەکەم وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستانی عێراق هەنگاوی پراکتیکی بەم ئاراستەیە بنێت، وەك سازکردنی کۆڕو فیستیڤاڵ بۆ زیندووکردنەوەی یادی سەڵاحەدین ئەیووبی و شەڕی حوتتین، هەروەها نۆژەنکردنەوەی شوێنەواری ئەیووبییەکان لە دوینی نزیك هاوینەهەواری سەڵاحەدین لە باکووری هەولێر، بیکات بە ناوەندێکی گەشتیاریی ڕۆشنبیری، هەروەها پێشنیاردەکەم وەزارەت سپۆنسەری فیلمێکی درێژبکات دەربارەی شکۆمەندی و داستانەکانی سەڵاحەدین ئەیووبی، کە تائێستا ئاسەوار گۆڕەکانی باپیرانی لە نزیك پایتەختی هەرێمی کوردستان ماون، هەروەها پێم باشە ڕاگەیاندنی نیشتمانیی کوردی لە هەموو شوێنێکدا بەشداری بکەن لە هەڵمەتێکی دژ بە ساختەو شێواندن و هەڵگەڕاندنەوەی ڕاستییەکانی مێژوو.

**هەندێ ڕۆشنبیری کورد هەن زۆر حوکمی توند دەدەن بەسەر کەسایەتییەکانی بە ڕەچەڵەک کورد، ئەوانەی ڕۆڵی سەرکردایەتی و ڕۆشنبیرییان لە ناوچەکە هەبووە، بەتایبەتی لە بەشداریکردن لە شارستانێتیی ئیسلامی و ڕۆشنبیریی عەرەبی و لە بزووتنەوە نیشتمانییەکان دژی کۆلۆنیالیزم لە قۆناغە جیاجیاکانی دەیان سەدەدا،**

**پێشنیار دەکەم وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستانی عێراق هەنگاوی پراکتیکی بنێت، وەک سازکردنی کۆڕو فیستیڤاڵ بۆ زیندووکردنەوەی یادی سەڵاحەدین ئەیووبی و شەڕی حوتتین**

**پێشنیار دەکەم شوێنەواری ئەیووبییەکان لە دوینی نزیک هاوینەهەواری سەڵاحەدین لە باکووری هەولێر نۆژەن بکرێتەوە و بکرێتە ناوەندێکی گەشتیاریی ڕۆشنبیری**

# میدیاو کاریگەریی کولتووری


## بەشی دووەم

### زمان

زمـان بەشێکە لـە ناسـنامەی کەلتووریی تـاك، واتـە ئـەو ناسـنامە کەلتوورییەیـە کـە بایۆلۆجی نییەو مرۆڤ لـە قۆناغەکانی ژیانی بەتایبەتی منداڵـی فێـری دەبێـت و، دەکرێـت بگۆڕێـت و بـە کاریگەریـی دەوروبـەر گـۆڕانـی بەسـەردا بێـت. پاراسـتن و هێشـتنەوە و گەشـەدان بـە دەوڵەمەندکردنی بەشێکە لـە ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی و حکومەت، ئەگەرچی خێزان و دایك و بـاوك و قوتابخانـە سـەرچاوەیەکی سـەرەکین بـۆ وەرگرتنـی، بـەڵام لـە ئەمـڕۆدا سـەرچاوەکانی دیکـەی وەك میدیـا و تەکنەلۆجیا بـە گرنگتریـن سـەرچاوە دادەنرێـن بـۆ وەرگرتـن و فێربوونـی زمـان. هـەر بۆیـە میدیـا رۆڵـی سـەرەکی دەبینێت لـە هێشـتنەوەو دەوڵەمەندکـردن و پاراسـتنی.

وڵاتانـی پێشـکەوتوو، فـرە نەتـەوە و فـرە رەگەزەکانیش میدیا وەك ئامرازێکی گرنـگ بـە کاردێنـن بـۆ پاراسـتنی زمانـی رەسـەنی وڵاتـی خۆیـان، ئەگەرچـی یاسـای وڵات پاراسـتنی فرەیـی و پێکـەوە ژیـان بێـت، بـەڵام زمانـی رەسـەن و سـتاندار ئەرکێکـی سـەرەکیی میدیایـە کـە بیپارێزێـت، بـەڵام ئەمـە لـەو وڵاتانـەی کـە میدیـا بـە یاسـا رێکخـراوە ئەرکـی بـۆ دیـاری کـراوە بەرامبـەر نەتـەوە و نیشـتمان و میدیـای نیشـتمانی بوونـی هەیـە. بـۆ نموونـە «بـی بـی سـی» لەگـەڵ ئـەوەی کـە بەشـی لۆکاڵیی ناوچـە جیاجیاکانـی بەریتانیـای هەیـە و بـە دیالیکتـی لۆکاڵـی بەرنامەکانـی پێشـکەش دەکات، بـەڵام بەشـی نیشـتمانییەکەی زمانـی ئـەدەب و رەسـەنی خەڵکـی بەریتانییـە. رۆژنامەکانـی بەریتانیـا هەمیشـە گلەیـی ئەوەیـان لەسـەرە کـە زۆر سـەختە نووسـینەکەیان کەسـێکی نائینگلیـز لێـی تـێ بـگات و بـۆ خوێنـەری بەریتانـی دەنووسـێت، بـەڵام رۆژنامەوانـی بەریتانـی ئامانجیەتـی زمانـی بەریتانـی بپارێزێـت. ئەمـە میدیـا، تەکنەلۆجیـا و ئامـرازە نوێیـە بەرهەمهاتـووەکان کـە وڵاتـان هـاوردەی دەکـەن، نـاوی تایبەتـی بـۆ دادەنرێـت بـە زمانـی وڵاتەکـە خـۆی، تاوەکـو لـە رێگـەی بەکارهێنانـی نـاوی کاڵاو شـتومەکە بیانییـەکان وشـەی بیانـی نەیەتـە ناویـەوە و وشـە رەسـەنەکەی خۆیـان ون بکـەن. واتـە هەمیشـە



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

میدیا کارگەیەکی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی زمانی کەلتووری و رەسەنە.

لە هەرێمی کوردستان سەرباری ئەوەی میدیایەکی نیشتمانی و نەتەوەییمان نییە کە ئەرکی پاراستنی زمان بێت، میدیا رێك نەخراوە و هاوردەی بەرهەمی میدیایی لە ئاستیکی بەرزدایە و میدیا و پرۆگرامەکانی میدیامان پڕیەتی لە وشەی بیانی، بەرهەم و میدیا لۆکاڵییەکانیش نەیانتوانیوە یەکخستنێك لە دیالێکتە کوردییەکانی ناو هەریمی کوردستان دروست بکەن (بادینی و سۆرانی و هەورامی) ئەگەر بە پرۆگرامێك، یان هەوڵیکی رۆژانە گرنگییان پێ بدرێت، کە ئەمە نەك یەکیان دەخات بۆ بوونی زمانێکی ستاندار، بەڵکو ئەویش کار لە سەر بەشبەشکردنیان دەکات. زۆر کەس جیاوازیی دیالێکت بە هۆکاری نەبوونی زمانیکی ستانداری کوردی دەزانن، بەڵام لە راستیدا زۆربەی نەتەوەکان جیاوازیی دیالیکتییان هەیە، بۆ نموونە لە بەریتانیا دیالێکتی وێلز جیاوازە لە دیالیکتی سکۆتلەند، ئەدنبرە ئینگلەند، بەڵام «بی بی سی» توانیویەتی پارێزگاری لە زمانە رەسەنە بەریتانییەکە بکات.

گرفتەکان:

١- بەردەوام سڕانەوە و ونکردنی وشە و گوزارشتی کوردی هاتنە ناوەوەی وشەی بیانی.

٢- نەبوونی زمانیکی ستانداری کوردی.

٣-لاوازبوونی زمان، لاوازبوونی ناسنامەی نەتەوەیی لێدەکەویتەوە.

چارەسەر:

١-دیاریکردنی سیستمی میدیای هەرێم لە دەستوور بەوەی کە ئەرکی چییە.

٢-ئەرك دانان بۆ میدیاکان بۆ پاراستنی زمان، ئەویش بە یاسای تایبەت.

٣-کارکردن بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی کوردی ناوخۆیی میدیایی کە پاریزگاری لە زمانی رەسەنی کوردی بکات.

٤-بوونی میدیایەکی نیشتمانی و نەتەوەیی.